تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5678) چوارشەممە 23ی کانوونی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

مستەفا حەریری: هەوڵێر پایتەختی راستەقینەی ئابووریی عێراقە

مستەفا حەریری، سەرۆکی کۆمەڵەی ڕەوەندی لوبنانی لە هەرێمی کوردستان و یەکێک لە دیارترین وەبەرهێنەرە لوبنانییەکان لە هەولێر، ڕایگەیاند کە ڕەوەندی لوبنانی لە هەموو خەڵکی زیاتر وەبەرهێنانیان لە کوردستاندا کردووە، 9 بانکی لوبنانی لە هەولێر و سلێمانی هەن، کە کەمترینیان سەدان ملیۆن دۆلاریان خستووەتە کار و ڕۆڵیان لە زیادکردنی بەرهەمهێنانی نیشتمانیی کوردستانی هەبووە. لە ئاستی بیناکاریدا کۆمەڵێک وەبەرهێنەر بە پرۆژەی مامناوەند دەستیان پێکرد، کە گەورەترینیان گوندی لوبنانیی هەولێر بوو، کە نزیکەی 150 ملیۆن دۆلاری تێچووە و 70%مان تائێستا جێبەجێکردووە. ئەو پرۆژانە هاوکار بوون لە چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

شاندی دانوستانکاری پارتی و گۆڕان کۆبوونەوە

هۆشیار زێباری: کۆبوونەوەیەکی باشمان ئەنجامدا و نییەتێک نییە بۆ پەراوێزخستنی هیچ لایەنێک

گۆڕان: کۆبوونەوەیەکی راشکاوانەمان کرد و لێکتێگەیشتنی باش لە نێوانماندا هەبوو



دوێنێ سێشەممە شاندی دانوستاندنکاری پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەبارەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پیرمام کۆبوونەوە و کۆبوونەوەکەش دوای ئەوەهات لە کۆبوونەوەی پێشووی نێوان پارتی و گۆڕان لێژنە بۆ دابەشکردنی پۆستەکان و بەرنامەی کابینەی نوێی حکوومەت پێکهێنرا.

بە گوێرەی ڕووداو، هۆشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی کۆبوونەوەیان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان ڕایگەیاند، کۆبوونەوەکە بە باشی بەڕێوەچووە و تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە کات لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە و دەبێت پەلە بکرێت لە پێکهێنانی حکوومەت. هۆشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند: لەگەڵ برادەرانی گۆڕان دوو لێژنەی هونەڕیان دروستکردبوو، یەکێک بۆ ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی داهاتووی حکوومەت، ئەوەی دیکە بۆ پێوەرەکانی بەشداربوون، هەردوو کۆبوونەوەکە بە باشی بەڕێوەچوون، ڕۆژی دووشەممەش شاندی ئێمە لە سلێمانی بوون لەگەڵ برادەرانی یەکێتی، تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردەوە کە کات لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە، دەبێت پەلە بکەین حکوومەت دابمەزرێت، چونکە ماوەیەکی زۆری بەسەرداچووە.

ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەشڵێت: لەسەر کێشە بنەڕەتییەکان لێکتێگەیشتن هەیە، لەسەر پێوەرەکانی بەشداربوون و بەرنامەی حکوومەت بە چ شێوەیەک دەبێت، ئەولەویاتی ئەو حکوومەتە چ بێت، لە لایەکی دیکە بەردەوام دەبین لە دانوستاندن، چونکە هیچ بژاردەی دیکەمان نییە کە پێکەوە ئەو حکوومەتە دروست بکەین، بە سەرۆکایەتی هەموار بکرێت و ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت و پرۆسەکەش دەستپێبکات، کاتێکی دیاریکراو دەستنیشان ناکەین، بەڵام لەم مانگە پەرلەمان کۆببێتەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە.

هەر سەبارەت بە کۆبوونەوەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان ,دانا عەبدولکەریم، ئەندامی شاندی دانوستانکاری بزووتنەوەی گۆڕان بۆ میدیاکان گوتی: لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی ڕاشکاوانەمان کردوو لێکتێگەیشتنی باش لە نێوانماندا هەبوو بۆ ئەوەی حکوومەتی داهاتوو خزمەتی خەڵکی کوردستان بکات.

گوتیشی: کۆبوونەوەیەکی ڕاشکاوانە بوو، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە میکانیزمەکانی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرا، هیوادارین ئەو لایەنانەی کە بەشداری لە حکوومەتدا دەکەن، پێکەوە بتوانین خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەین.



کەمال کەرکووکی ئامانجی پارتی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دەخاتەڕوو

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

فەریق جەبار یاوەر:
یارمەتییەکانی هێزی هاوپەیمانان بۆ پێشمەرگە تا ئێستاش بەردەوامە

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

جێگری سوپاسالاری پێشمەرگە: هەولێر و بەغدا لێژنەی هەماهەنگیی سەربازی دروست دەکەن

جێگری سوپاسالاری پێشمەرگە دەڵێت، دوو لێژنەی هاوبەشی سەربازی لە ئاستی باڵا لە نێوان هەولێر و بەغدادا دروست دەکرێن بۆ ئەوەی ئیدارەی ناوچەکانی مادەدی 140 بدرێت و هەماهەنگی لە نێوان هەردوولادا هەبێت.

ساڵی 2009 لە نێوان هەولێر و بەغدادا لێژنەیەکی باڵای سەربازی دروستکرا، کە هەماهەنگییان هەبوو بۆ کاری هاوبەش لە سنووری مادەدی 140ئەندامانی شاندی کوردستان لەو لێژنەیە، فەریق شێروان و جەبار یاوەر بوون، کە دوای هاتنی داعش و داگیرکردنی موسڵ، کاری لێژنەکە نەما و دوای هێرشی سوپای عێراقیش بۆ پردێ، لێژنەکە هەڵوەشایەوە.

سالار محەمەد جەبار، جێگری سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە، بۆ مالپەڕی پارتی، گوتی: حکوومەتی عێراق لێژنەی لەسەر ئاستی باڵادا داناوە بۆ ئەوەی کار بکرێت ئەو لێژنە سەربازییە کارا بکرێتەوە، کە بە چاودێریی ئەمەریکا کاتی خۆی دانرا، بڕیارێشە لە کوردستانەوە کار لەسەر دروستکردنی ئەو لێژنەیە بکرێت کە کارەکانیان هەماهەنگیی سەربازیی لە نێوان هەولێر و بەغدادا.

جێگری سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە گوتیشی: ئەو لێژنە بە ئاگاداریی ئەمەریکاییەکان دەبێت، پێشتریش دوو ئەندامی ئێمە سەرۆکایەتیی لێژنەکانیان دەکرد، بەڵام ئێستا دیار نییە کە ئەندامانی لێژنەکە کێن، وەلێ بە دڵنیاییەوە نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگەی تێدا دەبێت.



ئەمڕۆ ئەردۆغان و پوتین یەکەمین کۆبوونەوە لە ساڵی نوێدا ئەنجامدەدەن

بڕیارە ئەمڕۆ چوارشەممە 2019/1/23 ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەردانی موسکۆی پایتەختی ڕووسیا بکات و لەگەڵ ڤلادیمیر پوتین سەرۆکی ڕووسیا کۆببێتەوە. سەرکۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمیر پوتین لە میانی ساڵی 2018 دا، حەوت کۆبوونەوەی دووقۆڵی و 18 پەیوەندی تەلەفۆنیان ئەنجامداوە. هەروەها لە شەش لووتکەدا کۆبوونەتەوە. بڕیارە ئەمڕۆ چوارشەممەش یەکەمین کۆبوونەوەی ساڵی 2019ئەنجام بدەن. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە میانی سەردانە یەک ڕۆژییەکەیدا بۆ موسکۆی پایتەختی ڕووسیا، لەگەڵ ڤلادیمیر پوتین کۆدەبێتەوە و لە کۆبوونەوەکەیاندا بیرورا سەبارەت بە ژمارەیەک بابەت ئالوگۆڕ دەکەن، لەسەرووی هەموشیانەوە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان تورکیا و ڕووسیا و بابەتی سووریا، هەروەها چاوەڕوان دەکرێت ژمارەیەک بابەتی هەرێمایەتیی و نێودەوڵەتیش تاوتوێ بکەن.

ئەو کۆبوونەوەیەش لە کاتێکدایە کە هێزەکانی ئەمەریکا بڕیارە لە سووریا بکشێنەوە، هاوکات تورکیاش داوای دروستکردنی ناوچەی ئارام لە سووریا دەکات.

هەوڵی کەمکردنەوەی خەرجیی سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق دەدرێت

لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق هەوڵی کەمکردنەوەی خەرجییەکانی سێ سەرۆکایەتییەکانی عێراق دەدات. سامر غەزبان، ئەندامی لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، لێژنەکەیان هەوڵدەدات زیادەڕەوی لە خەرجییەکان کەم بکرێتەوە و داهات زیاد بکرێت. سامر غەزبان هەروەها ڕایگەیاندووە، لێژنەکەیان هەوڵدەدات خەرجییەکانی وەزارەتەکان، باڵیۆزخانەکان و سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق (پەرلەمان، حکوومەت و کۆمار) لە پرۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2019کەم بکاتەوە.

نیویۆرک تایمز: داعش دوای لێدوانەکەی عەبادی 1200 کردەی تیرۆریستی ئەنجامداوە

ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمەریکی لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاندووە، ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە مانگی 12ی2017 تا ئێستا، 1200 کردەی تیرۆریستی ئەنجامداوە. لە ڕاپۆرتەکەدا، نیویۆرک تایمز ئاماژەی بەوەشداوە، کە هەرچەندە دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا بێهێزبوونی داعشی ڕاگەیاندووە ، بەڵام ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە بێهێز نەبووە و هێشتا لە جموجۆڵە تیرۆریستییەکانی بەردەوامە. هەروەک لە ڕاپۆرتەکەدا، کە بە پشتبەستن بە سەرچاوە ئەمنیی و سەربازییەکان ئامادەکراوە، هاتووە، دوای لێدوانی حەیدەر عەبادیی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق (2014-2018) داعش لە عێراق 1200 کردەی تیرۆریستی ئەنجام داوە.



ڕۆژی 10/ 12/ 2017حەیدەر عەبادی سەرکەوتنی هێزەکانی وڵاتەکەی بەسەر داعش و نەمانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییەی لەسەر خاکی عێراق، ڕاگەیاند. لە مانگی 6ی 2014 نزیکەی دوو هەزار چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە سووریاوە دزیان کردە ناو خاکی عێراق و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەرەسیان بە سوپای عێراق هێنا و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین و ئەنباریان داگیر کرد.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/1/23 ژمارە (5678)
خەبات

فەریق جەبار یاوەر: یارمەتییەکانی هێزی هاوپەیمانان بۆ پێشمەرگە تا ئێستاش بەردەوامە

ئەمەریکا بەشدارە لە پڕۆسەی ریفۆرم لە وەزارەتی پێشمەرگە





ئەمیندارى گشتى وەزارەتى پێشمەرگە لە حکوومەتى هەرێمى کوردستان، فەریق جەبار یاوەر لەبارەى کشانەوەى هێزەکانى ئەمەریکا لە سووریا، ئاشکراى دەکات هیچ پرس و راوێژ بە هەرێمى کوردستان و عێراق نەکراوە و رەتیشى دەکاتەوە هیچ هێزێکى ئەمەریکا لە سووریاوە هێندرابێتە هەرێمى کوردستان و جێگیربووبێت، ئاماژەش بەوە دەکات کە هیچ هێزێکى ئەمەریکا و بیانى لەسەر سنوور بڵاوەیان پێ نەکراوە و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ئەمەریکا یەک بنکەى راوێژکارى لە هەولێر هەیە.

هاوکات باسى پەیوەندى و هەماهەنگى نێوان هێزەکانى ئەمەریکا و هێزى پێشمەرگە دەکات.

ئەمیندارى گشتى وەزارەتى پێشمەرگە لە حکوومەتى هەرێمى کوردستان، فەریق جەبار یاوەر، سەبارەت بە پرسى یارمەتى و هاوکارییەکانى هاوپەیمانان بۆ هێزى پێشمەرگە گوتى: یارمەتییەکانى هێزى هاوپەیمانان تا ئێستاش بەردەوامە و یارمەتییەکان چەند جۆرێکن کە بریتین لە بوونى راوێژکار و پشتیوانى هێزى پێشمەرگە لە رێگاى فڕۆکە جەنگییەکان، کەواتا لە سەرەتاى دروستبوونى هاوپەیمانى نیودەوڵەتى، راوێژکارەکانى هاوپەیمانان لەگەڵ هێزەکانى ئەمەریکا دەستى پێ نەکردووە، پڕۆسەکە پڕۆسەیەکى خاوە، زۆربەى فەرماندە سەربازییەکان دەڵێن ئێمە لەو کاتەوە دەست دەکەین بە کشانەوە کە شەڕ نەمینێت لە سووریا و ئاسایشى ناوچەکە بەرقەرار بێت و ئەگەر هێزەکانى ئەمەریکاش بکشێنەوە، ئەوا پلانى خۆیان هەیە و سروشتى پلانەکە وایە کە رایناگەیەنن هەتا پڕۆسەکە جێبەجێدەکرێت، بۆیە هەر قسەیەک لە دەرەوەى ئەم بابەتە دەکرێت هەمووى لێکدانەوە بێت و شتێکى فەرمیى نییە.

سەبارەت بە پەیوەندى و گفتوگۆى ئەمەریکا لەگەڵ هەرێمى کوردستان لەبارەى کشانەوەى هێزەکانیان بۆ عێراق و هەرێمى کوردستان، جەبار یاوەر گوتى: ئێمە هیچ ئاگادارى بابەتى کشانەوە نین و گفتوگۆ لەگەڵ ئێمە نەکراوە و باوەڕیش ناکەم لەگەڵ عێراقیش کرابێت، لەو باوەڕەدام کە پڕۆسەکە کاتى زۆرترى پێویستە.

ماوەیەکە دەنگۆى بوونى بنکەى سەربازى ئەمەریکا لە هەرێمى کوردستان و سنوورەکانى هەرێم بڵاوبووەتەوە و ئەمیندارى گشتى وەزارەتى پێشمەرگە لە حکوومەتى هەرێمى کوردستان، جەبار یاوەر تەواوى ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە تەنها یەک بنکەى راوێژکارییان لە هەولێر هەیە و گوتى: لە هەرێمى کوردستان ئەوەى هەیە لە فڕۆکەخانەى نێودەوڵەتى هەولێرە، ئەوانیش پێیان ناڵێن بنکەى سەربازى ئەمە بارەگایەکە بۆ هەماهەنگى و کۆمەڵێک ئەفسەرن بۆ ڕاوێژکارى بەکاردێت، ئەمەریکا لە هەرێم و لە عێراقیش هێزى شەڕکەرى نییە، بەڵکو هێزێکى هەیە ڕاوێژ دەدات بە هێزەکانى عێراق و هێزەکانى پێشمەرگە و ڕێککەستنى هێزى سەربازى دەکات لە نێوان هێزى زەمینى و هێزى ئاسمانى لەگەڵ فڕۆکەکان، باوەڕیش ناکەم هێزێکى شەڕکەر بهێننە عێراق.

بەر لە چەند ڕۆژێک دەنگۆى ئەوە بڵاوکرایەوە کە هێزێکى ئەمەریکا لە سنووى هەڵەبجە بڵاوەى پێکراوە، لەمبارەیەوە جەبار یاوەر گوتى: دەنگۆى بڵاوکردنەوەى هێزەکان لەسەر سنوور ڕاست نییە و هەرچى دەگوترێت هەمووى هەوالّى بێ سەرچاوەن یان لێدوانى کەسێکە و پەیوەندى بە وەزارەتى پێشمەرگەوە نییە، هیچ هێزێکى ئەمەریکا بوونى نییە.

جەبار یاوەر گوتیشى: ناتواندرێت هێزێکى ئەمەریکى بڵاوبکەیتەوە بێ ئەوەى ئاسایشى زەمینى و ئاسمانیى لە ناوچەکە نەبێت، بۆیە ئەمە تەنها قسەیە و هیچ شتێکى فەرمیى نییە. جگە لەوەش، دەبینین ئێمە لەگەڵ تورکیا ٧٠٠ کیلۆمەتر سنوورمان هەیە و لەگەڵ ئێران هەزار کیلۆمەتر سنوورمان هەیە، بۆیە ناتواندرێت هێزێک وا بەئاسانى لە هەزار و ٧٠٠ کیلۆمەتر بڵاوەى پێ بکرێت.

ئەمیندارى گشتى وەزارەتى پێشمەرگە لە حکوومەتى هەرێمى کوردستان، فەریق جەبار یاوەر ئاماژە بەو هەواڵە دەکات کە لەبارەى سەربازگەى کەى وەن بڵاوکرایەوە و گوتى: ئەو ڕۆژەى کە دەنگۆى ئەوە بڵاوکرایەوە کە هێزێکى ئەمەریکا چووەتە سەربازگەى کەى وەن لە پارێزگاى کەرکووک، ئەگەر بە دواداچوون بکرابووایە، دەبینین ئەو ڕۆژە پڕۆسەیەکى سەربازى خێرا هەبوو بە هاوبەشى هێزەکانى ئەمەریکا و دژە تیرۆرى عێراق لە حەویجە، هەر ئەمەش بوو کەوا بڵاوکرایەوە هێزێک هاتووەتە کەرکووک.

پارتێکى بەریتانیا داواى ریفراندۆمێکى دیکە دەکات



سەرۆکى پارتى کرێکارانى بەریتانیا داواى ریفراندۆمێکى دیکە لەبارەى مانەوە لە یەکێتیى ئەورووپا، دەکات. جێرێمى کۆربین، سەرۆکى پارتى کرێکارانى بەریتانیا دەستى بە هەوڵەکانى بۆ ئەنجامدانى ریفراندۆمێکى دیکە لە ولاتەکەیدا، کردووە.

بەپێى هەواڵێکى ئاژانسى ڕۆیتەرز، جێرێمى کۆربین لە هەوڵدایە بۆ ئەوەى لە ریفراندۆمەکەدا، جارێکى دیکە هاوولاتییانى بەریتانیا راى خۆیان لەبارەى مانەوە یان چوونە دەرەوە لە یەکێتیى ئەورووپا، بدەن. ڕۆژى 2016/6/23؟ لە بەریتانیا ریفراندۆمێک ئەنجامدرا و تێیدا هاوولاتییانى ئەو ولاتە وەڵامى پرسیارى ئایا پێویستە بەریتانیا وەک ئەندام لە یەکێتیى ئەورووپا بمێنێتەوە یان دەربچێت لە یەکێتیى ئەورووپا؟ یان دایەوە. لە ئەنجامى ریفراندۆمەکەدا دەرکەوت، کە نزیکەى 52%ى بەشدارىووان دەنگیان بە چوونە دەرەوەى ولاتەکەیان لە یەکێتیى ئەورووپادا، دا. بڕیارىشە لە ڕۆژى 2019/3/29؟ بەریتانیا بە تەواوى لە یەکێتیى ئەورووپا بچێتە دەرەوە.

د.عەبدولحەکیم خەسرۆ: گۆڕانکارىى ئەمنى و ئابوورى لە ناوچەکەدا بەڕێوەن

ئەو ولاتانەى گرنگى بە عێراق دەدەن وەک ناوەندێکى بڕیاردان سەیرى هەولێریش دەکەن



پرسى کێشانەوەى هێزەکانى ئەمەریکا لە سووریا و جوولەى بازرگانیى ولاتان و سزاکانى ئەمەریکا بۆ سەر ئێران، ناوچەکەى خستووەتە بەردەم دووڕیانێکى نادیار، پسپۆڕێکیش پێیوایە، گۆڕانکارى لەسەر ئاستى ناوچەکەدا بەڕێوەن و پێویستە لەو چوارچێوەیەدا هەرێمى کوردستان ئامادەکارى بکات.

هەرێمى کوردستان وەک ناوەندێکى بەهێزى بڕیاردان لە ناوچەکە و بەشێکى سەرەکى لە عێراق، بووەتە سەنتەرى یەکلاکردنەوەى زۆر پرس، وەک دکتۆر عەبدولحەکیم خەسرۆ، پسپۆڕى زانستە سیاسییەکان بۆ مالپەڕى فەرمیى پارتى دیموکراتى کوردستان دەڵێت: هەرێمى کوردستان پێگەیەکى گرنگى هەیە لە ناوچەکەدا، وەک بەشێک لە عێراقیش پێگەیەکى بەهێزى تایبەت بە خۆى هەیە و بەشێکە لە پڕۆسەى ئەمنى و سیاسیى عێراق. ئەو پسپۆڕەى زانستە سیاسییەکان ئاماژەى بۆ ئەوەش کرد: هەموو ئەو ولاتانەى گرنگى بە عێراق دەدەن، بەردەوام وەک ناوەندێکى بڕیاردان سەیرى هەولێر دەکەن، تەنانەت وەک بەشێکى گرنگى دابەشکردنى بەرژەوەندیى ولاتان مامەڵە لەگەڵ هەرێمى کوردستان دەکرێت، واتە هەر بابەتێک پەیوەندى بە عێراقەوە هەبێت، ئەوە بە بێ هەرێمى کوردستان ناکرێت و ولاتان دەگەڕێنەوە بۆ وەرگرتنى بۆچوونى هەرێم بە تایبەتى لە ئێستادا گۆڕانکارییەک لەسەر ئاستى ناوچەکەدا بەڕێوەدەچێت، بە تایبەتى لە پرسى سووریادا و لە نێو عێراقیش.

ناوچەکە لە بەردەم گۆڕانکارى گەورەدایە و چاودێران پێشبینى دەکەن لە بەهارى دابێت سەرەداوى گۆڕانکارییەکان بەدیار بکەون، خەسرۆ لەو بارەیەوە گوتى: سیاسەتى نوێ هەیە کە پێشبینى دەکرێت هەردوو ولاتى ئێران و ئەمەریکا بەرەنگارى یەکتر ببنەوە، عێراق هاوسنوورە لەگەڵ ئێراندا، هەردوو ولات کەوتوونەتە خۆئامادەکردن بۆ ئەوەى بەرەنگارى یەکتر ببنەوە، کە بابەتەکە دێتە سەر عێراق، هەردوولا دەگەڕێنەوە بۆ هەرێمى کوردستان وەک بەشێک لە پڕۆسەى بڕیاردان.

دکتۆر عەبدولحەکیم ڕوونیشى کردەوە: سروشتى عێراق وایە، بەبێ هەرێمى کوردستان بڕیاردان لە هەر پڕۆسەیەک ناتەواو دەبێت، لەو چوارچێوەیەدا پێویستە هەرێمى کوردستان سیاسەتى خۆى دابڕێژێت و خۆى ئامادە بکات بۆ گۆڕانکارییەکانى داهاتوو، چونکە گۆڕانکارییەکان پەیوەندییان بە ڕەوشى عێراق و ناوچەکەوە هەیە، هەر وەک ئاماژەم بۆ ڕەوشى سووریا کرد، ئەوەش لە دوو ئاستدا کارى لەسەر دەکرێت، یەکێک ڕەوشى ئەمنیى سووریایە کە پەیوەندى و کاریگەرى لەسەر عێراق و هەرێمى کوردستانیش هەیە بە گشتى، ئاستى دووەم بەرژەوەندى و ڕەوشى ئابوورییە لە عێراق، چونکە هەندێک لە ولاتان بەرژەوەندیى ئابوورییان کەوتووەتە عێراق و پێویستە کورد بەشێک لەو پڕۆسەیەدا ڕۆڵى دیار بێت.

عێراق.. مەرجەعێکى شیعە داواى دەرکردنى ئەمەریکا دەکات

جەواد خالسى کە یەکێکە لە مەرجەعەکانى شیعەى عێراق، بانگەوازى دەرکردنى ئەمەریکاى کرد لە عێراق، خالسى کە لە بەغدا دادەنیشێت لە ڕێگەى ئۆفیسەکەیەوە ڕاگەیەندراوێکى بڵاوکردەوە و بانگەوازى لە هاوولاتییان کرد کە دواى نوێژى هەینى پڕۆتێستۆى ئەمەریکا بکەن لە سەرتاسەرى عێراقدا. لە ڕاگەیەندراوەکەدا چەندین دروشمى وەک نەخێر بۆ ئەمەریکا، نەخێر بۆ داگیرکارى و بەڵێ بۆ لەسێدارەدان ئامانجیان پێکراوە. بانگەشەى ئەو لە ئارادایە، دواى ئەوەى سەرۆکى ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ بڕیارى کشانەوەى دا لە سووریا، سەربازانى ئەمەریکا لە باکوور و ڕۆژئاواى عێراق جێگیر دەکرێن.



بەریتانیا ژمارەى فڕۆکە جەنگییەکانى لە عێراق و سووریا کەم دەکاتەوە

بەریتانیا ئاشکرایکرد، نیوەى فڕۆکە جەنگییەکانى ولاتەکەى کە لە عێراق و سووریان، دەکێشێتەوە. بەپێى هەواڵێکى ڕۆژنامەى دەیلى مەیڵ کە تیایدا پشتى بە کاربەدەستە سەربازییەکان بەستووە، هەشت فڕۆکەى جەنگیى جۆرى RAF Typhoonى سەربە هێزى ئاسمانیى پاشایەتیى بەریتانیا کە لە سوریا و عێراقن، مانگى داهاتوو دەکشێندرێنەوە.

لە هەواڵەکەدا باس لەوەشکراوە، شەش فڕۆکەى جەنگیى جۆرى RAF Typhoon و 10 فڕۆکەى بێفڕۆکەوان لە جۆرى Reaper دڕێژە بە مانەوەیان لە خۆرهەڵاتى ناوەڕاست دەدەن. سەرچاوەیەکى بالاى سەربازیش باسى لەوە کردووە، کشاندنەوەى فڕۆکە جەنگییەکانیان لە ناوچەکە، هیچ لە سووربوونیان لە ئەرکەکانیان لە ناوچەکە کەم ناکاتەوە. ئەوەى جێگەى سەرنجە ئەوەیە، ئەم هەنگاوەى بەریتانیا دواى ماوەیەکى کەم لە بڕیارى کشانەوەى ئەمەریکا لە سووریا دێت.

کەمال کەرکووکی ئامانجی پارتی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دەخاتەڕوو



د.کەمال کەرکووکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک-گەرمیان ئامانجی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک ئاشکرا دەکات. لەو بارەیەوە د. کەمال کەرکووکی کە هاوکات سەرۆکی لیژنەکەی پارتی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک بە کوردستان24ی راگەیاندووە: کاری لیژنەکە لە چەند خاڵێک روونکراوەتەوە و دڵنیایش دەدرێت کە کارەکانی ئەو لیژنەیە بۆ بەرژەوەندی گشت دڵسۆزانی گەلی کوردستان و بەتایبەت بۆ دانیشتوانی کەرکووک بە گشت پێکهاتەکانییەوە دەبێت. هەروەها، لیژنەکە کار بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دەکات بە لادانی ئەو هێزانەی لە دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017هێنراونەتە کەرکوک. راشیگەیاندووە: پارتی ئامانجی ئەوەیە، دووبارە دامەزراوە سڤیل و شەرعییەکانی پارێزگای کەرکووک دەستبەکاربن. د. کەمال کەرکووکی کارەکانی ئەو لیژنەیە لە دوو خاڵدا روونکردووەتەوە و رایگەیاندووە:

1-لیژنەکە بە فەرمانی سەرۆک بارزانی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک پێکهاتووە و بەرپرسەکەی بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکوک ـ گەرمیانە.

2-لیژنەکە بە سەرۆکایەتی د.کەمال کەرکووکی هەوڵ بۆ ئاساییکردنەوەی کەرکووک لەگەڵ گشت پێکهاتەکانی کەرکووک، لایەنە پەیوەندیدارەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان دەدات.

لەبارەی دواین هەڵوێستی پارتی لەسەر ڕەوشی کەرکووک، لیژنەکە ئەم چەند خاڵە بەپەسەند دەزانێت:

1-لادانی ئەو هێزە زۆرەی لە دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017 هێنراونەتە کەرکووک، بە حەشدی شەعبی و پۆلیسی فیدراڵی و سوپاوە.

2- گەڕاندنەوەی سوپا و هێزی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی شاری کەرکووک.

3-ڕادەستکردنی دۆسیەی ئەمنی کەرکووک بۆ دەستی هێزە ئەمنییە خۆجەییەکانی کەرکووک کە لە پێکهاتەکانی کەرکووک بن.

4-کە کەرکووک بەو شێوەیە ئاسایی کرایەوە، ئەندامانی ئەنجوومەنە هەڵبژێردراوەکەی بگەڕێنەوە کەرکووک و دووبارە ئەنجوومەنەکە دەست بەکار بن.

5-پاشان، پارێزگارە هەڵبژێردراوەکە (د.نەجمەدین کەریم) دەگەڕێتەوە و دەستبەکار دەبێت، لە حاڵەتێک ئەگەر بەڕێزیان بتوانێت دەست لەکار بکێشێتەوە و ئەنجوومەنەکەش پەسەندی بکات ، دواتر ئەنجوومەنەکە متمانە بە کەسێک (لەوانەی خۆیان بۆ پارێزگار کاندید دەکەن) بدات ، بە زۆرینە دەنگ یا کۆی دەنگ وەکو پارێزگار دیاری بکرێت.

6-هەرچەندە پارێزگاری کەرکووک مافی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەڵام لەبەر دۆخی تایبەتی کەرکووک و هەستیاریی ئەم قۆناغە، پارتی بە باشی دەزانێت کەسێکی بێلایەن بۆپارێزگاری کەرکووک دەستنیشان بکرێت و گشت لایەنەکان لە سەری کۆک بن.

7-بەو شێوەیە پارتی بەسەر بەرزی و بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە خزمەتی دڵسۆزانی کەرکووک و دووز و گشت پارێزگای کەرکووک دەبن. هەروەها، جیا لە لیژنەکەی پارتی، لیژنەیەکی هاوبەشی پارتی و یەکێتیش بۆ ئاساییکردنەوەی نێوان پارتی و یەکێتی و هاوهەڵوێستی لەسەر بابەتەکانی نێوانیان پێکهێناوە کە لە لایەن فازڵ میرانی و د. ڕۆژ نوری شاوەیس لە پارتی و ئەرسەلان بایز، سەعدی پیرە لە یەکێتی سەرۆکایەتیی دەکرێت. بە گوتەی د. کەمال، بڕچوونی نوێنەرانی پارتی لە هەردوو لیژنەکە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک یەک بڕچوونە ، ئەویش ئاساییکردنەوەی تەواوی دۆخی کەرکووک بە لادانی ئەو هێزە زۆرەی لە دوای 2017/10/16 هێنراونەتە کەرکووک.

هەروەها، گەڕانەوە و دەستبەکاربوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و دواتر بڕیاردان لەسەر کەسێک بۆ ئەوەی ببێتە پارێزگارکە لە لایەن گشت لایەنەکان پەسەند بێ و لە سەری ڕەزامەند بن.



لادانی ئەو هێزە زۆرەی لە دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017 هێنراونەتە کەرکووک

پارتی بە باشی دەزانێت کەسێکی بێلایەن بۆ پارێزگاری کەرکووک دەستنیشان بکرێت



ریفینگ هروورى: فراکسیۆنەکانى پەرلەمان چاوەڕوانى ئەنجامى کۆبوونەوەى لایەنەکانن

سەرۆکى کاتیى پەرلەمانى کوردستان ڕایگەیاند، چاوەڕوانى ئەنجامى کۆبوونەوەى لایەنەکان بۆ دەستنیشانکردنى دەستەیەکى نوێ بۆ سەرۆکایەتیى پەرلەمان. کۆبوونەوەى یەکەمى پەرلەمانى کوردستان تا ئێستا بە کراوەیى ماوەتەوە، پەرلەمانتاران سوێندى یاساییان خواردووە، بەڵام هێشتا دەستەى سەرۆکایەتیى پەرلەمان پێک نەهێندراوە.

ڕیفینگ هروورى، لە لێدوانێکدا بۆ مالپەڕى فەرمیى پارتى، گوتى: فراکسیۆنەکانى پەرلەمان چاوەڕوانى ئەنجامى کۆبوونەوەى لایەنەکانن و هەر کات ئەوان گەیشتنە ڕێککەوتن، ڕۆژێک بۆ کۆبوونەوەى پەرلەمان دەستنیشان دەکرێت و دەستەى سەرۆکایەتى هەڵدەبژێردرێت. هروورى ئاماژەیشى دا، ئەوان گەشبینن بە کۆبوونەوەى لایەنەکان، چونکە کاتێکى زۆرى خایاند و پارتیش مکوڕە لەسەر پەلەکردن لە پێکهێنانى حکوومەت، بێگومان کۆبوونەوەکانیش ئەنجامیان دەبێت و خەڵکیش چاوەڕێیە.

مستەفا حەریری: هەولێر پایتەختی ڕاستەقینەی ئابووریی عێراقە



مستەفا حەریری، سەرۆکی کۆمەڵەی ڕەوەندی لوبنانی لە هەرێمی کوردستان و یەکێک لە دیارترین وەبەرهێنەرە لوبنانییەکان لە هەولێر، ڕایگەیاند کە ڕەوەندی لوبنانی لە هەموو خەڵکی زیاتر وەبەرهێنانیان لە کوردستاندا کردووە، 9 بانکی لوبنانی لە هەولێر و سلێمانی هەن، کە کەمترینیان سەدان ملیۆن دۆلاریان خستووەتە کار و ڕۆڵیان لە زیادکردنی بەرهەمهێنانی نیشتمانیی کوردستانی هەبووە. لە ئاستی بیناکاریدا کۆمەڵێک وەبەرهێنەر بە پرۆژەی ماموناوەند دەستیان پێکرد، کە گەورەترینیان گوندی لوبنانیی هەولێر بوو، کە نزیکەی 150 ملیۆن دۆلاری تێچووە و 70%مان تائێستا جێبەجێکردووە. ئەو پرۆژانە هاوکار بوون لە چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون. دەتوانم بڵێم لە 2014ەوە تا ئێستا و ئەو کاتەی داعش هاتە مووسڵ و بۆ سنووری هەولێر نزیک بوونەوە لە مانگی 8ی 2014، ئێمە لەو کاتەوە نزیکەی 150 ملیۆن دۆلارمان لە هەولێر خەرج کرد و نەمانوەستاند. هەروەها گوتی، لە بواری گەشتوگوزاردا چەندان هۆتێلی بەناوبانگ و گرنگی لوبنانی لە هەرێمی کوردستاندا کراونەتەوە و کاریش لەسەر گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار دەکەین. لە بواری پیشەسازیدا کۆمەڵێک پیشەگەری لە بواری کارتۆن و کلینێکس و بابەتی دایبیی منداڵان و بۆیە و چەندان بواری دیکەی گرنگ کار دەکەن. هەروەها کۆمپانیای دابەشکردن و هاوردەکردنی جۆراوجۆرمان هەیە، کە ساڵانە قەبارەی کارەکانیان لە سەدان ملیۆن دۆلاری کەمتر نییە. هاوکات گوتیشی کە لە بواری خوێندن و فێرکردن، گەورەترین قوتابخانە بیانییەکان لوبنانین، وەک قوتابخانەی سابیس، یان زانکۆکان کە لە گەشەپێدانی ئاستی خەڵکدا هاوکاریی دەکەن. ئەو گوتی: لە کەرتی پەیوەندییەکان و بیمەکردن و هەموو کەرتەکاندا، کە دەتوانم بڵێم هیچ بوارێک نییە لوبنانی تێیدا ڕۆڵی خۆیان نەگێڕن. مستەفا حەریری گوتیشی: کە لوبنانییەکان زۆربەی وەبەرهێنانەکانیان لە هەولێرە، کە دەتوانم بڵێم 85% یە، چونکە هەولێر پایتەختە و ئاسانکاریشی تێدا دەکرێت.


سەبارەت بەوەی کە جیاوازی هەرێمی کوردستان کامەیە، کە وادەکات وەبەرهێنەری لوبنانی بۆ هەرێمی کوردستان کێش بکات ، مستەفا حەریری گوتی: یەکەمینیان سەقامگیریی ئەمنییە. دووەمیشیان ئیدارە کە ئەرکی خۆی ڕادەپەڕێنێت. هاوکات ڕاشیگەیاند: من باوەڕم بەو وڵاتە و سەرکردایەتییەکەی هەیە و بڕوام بە پێشکەوتن هەیە. من دەزانم چی لە بەغدا و باشوور ڕوو دەدات. باوەڕوام وایە هەولێر پایتەختی ئابووریی ڕاستەقینەی عێراقە و نموونەیەکی شارستانیی گەشەپێدانە.

هەدەپە کاندیدی بۆ سەرۆکایەتی 68 شارەوانیی دیکە ئاشکراکرد



لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا کە لە ناوەندی گشتیی پارتەکە سازیکرد، گوتەبێژی هەدەپە، ساروهان ئۆلۆچ ئاشکرایکرد دامەزراوە دەسەڵاتدارەکانی پارتەکەی، کاندیدی 68 ناوچەی هەڵبژاردنیان دەستنیشانکردووە و لە چوارچێوەی تێگەیشتنی هەدەپە بۆ سیستمی هاوسەرۆکایەتی، بۆ هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردن ژنێک و پیاوێکیان دەستنیشانکردووە. ساروهان ئۆلۆچ ڕایگەیاند کاندیدی پارتەکەیان لە هەڵبژاردنەکانی 31ی ئادار، بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی دیاربەکر، هولیا ئالۆکمەن ئوبانک و پەرلەمانتاری دیاربەکری پارتەکە، عەدنان سەلچوک مزراکلییە و بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی ئەرزەڕۆم، بارش کەمالئۆغلۆە. کاندیدانی سەرۆکی شارەوانی هەکاری، سەهەر کادیرئۆغلۆ ئاتاش و جیهان کاهرامانن و کاندیدانی سەرۆکی شارەوانی شرنەخ، نورجان ئالتورک و هیشیار ئویسالن و کاندیدانی سەرۆک شارەوانی ئیدر، ئەیلەم چەلیک و یاشار ئاککوشن.

ساروهان ئۆلۆچ بە ڕاگەیاندنی پارتەکەی بۆ ناوی کاندیدانی سەرۆکی شارەوانی بۆ سەرۆکی شارەوانی لە ٦٣ شارۆچکە ڕایگەیاند کە ٢٤ی ئەم مانگە ڕۆژی پێنجشەممە لە کۆبوونەوەکەیدا لە دیاربەکر ناوی کاندیدانیان بۆ بازنەی دیاربەکر ڕادەگەیەنن. گوتەبێژی هەدەپە لە وەڵامی پرسیارى ئەوەی کە ئایا لەگەڵ جەهەپە دەبنە هاوپەیمان، ئاماژەی بەوە دا کە تاکو ئێستا هیچ کۆبوونەوەیەکی فەرمیان لەگەڵ جەهەپە ئەنجام نەداوە و گوتی: بەڵام لە ناوچە و شارۆچکەکان هەموو لایەک سەردانی یەکتر دەکەن. ئەوە تەنها پەیوەندی بە جەهەپەوە نییە بەڵکو پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن سەردانی یەکتر دەکەن و ڕەوشەکە هەڵدەسەنگێنن لە شار و شارۆچکەکان، بەڵام ئێمە لە ناوەندی بڕیارەوە هیچ جۆرە کارێکمان نییە لەو بارەوە.



شەنگە هاوارکاکەیی

پەیامی راستەقینەی نووسین

گۆرانی شاعیر دەڵێ: مەترسە، بپرسە، بنووسە، قسە و دوان لەسەر نووسین، پانتاییەکی بەرفراوانە، نەخاسمە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا و لە دەروازەیەک کراوە و دەرگا لەسەر پشت بۆ پێشوازیکردن لە ڕیتمی عەولەمە و جیهانگیری دەبینیین و هەست دەکەین، کەوا نووسین خەریکە دەکەوێتە قاڵبی لێڵی و گیرخواردن لە سوچێکی تاریکی ماریفەتدا و خەریکە پەیامی خۆی لەدەستدا، قاڵبی دەگۆڕێ و جێگۆڕکێی پێ دەکرێ بە هاوتەریبی ریتمی زەمەن لە خولیاوە بۆ سەرچاوەی پەیداکردنی بژێوی ژیان، ئەمە لە کاتێکدا کە پەیامی نووسەر نییە، هەرگیز ئەم نامۆبوونە نەبووە لە ڕەوتی نووسیندا.

ئەگەر بێینەوە سەر ئاماژەدان بە پەیامی نووسین لە ئەمڕۆدا چییە؟ بۆ کێیە؟ هەڵبەتە دەبێ باس لە کەرەستەکانی بکەین و شێوازەکانی قاڵب و موحتەواکانی ئاخۆ بۆ کێ ئاراستەیە؟ خۆ ئەگەر پێمان وابێ زەمەنی ئیبداع و بەهرە بەسەر چووە، دەکەوینە نێو هەڵەیەکی کوشندەوە، بەڵێ نووسین عەشقە و نووسەریش عاشقە، خولیایە، تێکەڵەیەکی ڕەنگینە لە خوێن و دەماری نووسەری خولیاپەرستدا، بوونی هەیە، ئەگەر هاتوو بە هاواری وێژدانێکی زیندوو ئاراستەکراو بوو و لە داهاتوودا نەکەوێتە ناو داوی ناتۆرەی پەشیمانی. ئەوەی تا ئێستا لای هەمووماں جێگای تێڕامانە ڕۆڵی نووسەران جاشقەڵەمەکانی زەمەنی رابردوو و زەبروزەنگی دەسەڵات، ڕژێمی پێشووە، ئاخۆ ئێستا کە دێرە پڕ شەرمەزاریەکانیان دەبینن لە ناخەوە چەند هەست بە شکستی دەروونی دەکەن کە پەیامی نووسینان خستە ژێر چەقۆی زبری بژێوی و بێهەڵوێستییەوە و پەیامەکانیان ونکرد ئەگەر لە ئاوێنەی وێژدانەوە سەیری وێنەی خۆیان ئەکەن لەم مەودا زەمەنیەدا.

ئەمە وەک پەیام، بەڵام شێوازەکانی قسەوباس زیاتر هەڵدەکرێ، ئەوەی تێبینی کراوە زمانی ڕۆژنامەوانی دوو ئاراستەی وەرگرتووە، توتی ئاسا دەینووسینەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ئاراستەیەک وەرگیراو بۆ سەر زمانی کوردی بێ ڕۆح و نەست تەماوی چوون، هەر دەقێکی وەرگیراو تامی نامێنێت، بە کرچ و کاڵی خۆی نیشان ئەدا، ئەم بابەتە تەنها بۆ ئەوە دانراوە، لاپەڕەکان برازێننەوە، هیچی تر نییە، ئەبێتە هۆی شێواندنی سەلیقەی خوێنەر و چێژ وەرنەگرتن لە خوێندنەوەدا. ئاراستەی دووەم نووسینی مەنهەجی ئامادە کراو کە وەکو خواردنی مۆعەلەب قوتوبەستە وایە و هیچ سوودێک و تام و بۆی نەماوە، جا نووسەر خۆی خوای یا ئاماژە بەسەرچاوەکە ئەکا کە گوایە وەرگیراوە، یا خۆی وەکو پاڵەوانێکی دەست و بازووە ئەستوور لە نمایشە کە گوایە کاکی نووسەر مەنهەجی و بە مەوزوعیەت دەنووسێت. ئەمە لە کاتێکدا ئەم شێوە نووسینانە گوزارشت لە ڕەوتی عەشق ناکات و عەشق نییە! کە دەبێ دێرەکانی نووسین جەنگاوەری ژین بێ و هەڵقوڵایی نەست هەست بێت و دێر بە دێر لە ژێر کاریگەری ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بە باوەڕێکی پتەوەوە بەبێ لایەنگیری و دوو جەمسەری هەڵێنجرابێت، چونکە ئەمڕۆ خۆێنەر لەم فەزا تەماویەدا عەودالی زانینی ڕاستگۆیبە مسداقیەتە هەڵوێستی نەگۆڕە پیویستی بەسەرچاوەی وزە و هێزە، ئەمەش تەنها عاشق لە توانایەتی بی بەخشی، لەو نووسینە قوتوبەستوونە و بێ چێژانە هەرگیز بەدی ناکرین.

ئەگەر بوونیان زەرورەتە، بەڵام بۆ کێ، بۆ چینێکی زۆر کەم و لە ڕووداوێکی مێژوویدا دەگێڕنەوە، کەسێکی پایەدار و دەسەڵاتدار دەچێتە لای بیرمەندێک، خۆی دەناسێنێت کە گوایە کوڕی فلانە، بەڵام بیرمەندەکە هەر پێی دەڵێ قسە بکەیت، تا بتناسم؟ چونکە نووسین زادەی بیر و هۆشە بەتایبەت ئەگەر هاتوو بە باوەڕەوە بوو دوور لە ئیزدواجییەت و فرەڕوویی نەک دووڕوویی، چونکە پەتای تەماح و بژێوی و وای لە بەشێک نووسەران کردووە کە هیچ جیاوازییەکیان نەبێت، لەگەڵ قەد بااڵی گولەبەڕۆژە هەمیشە بە گوتنی باوەڕێکی عەرەبیانە موبەریری تەماحەکانیان پڕ ئەکەنەوە، ڕێک ڕەفتاریان هاودژی نووسینەکانیانن کە ئەفەرموون: عوافی علی الی یجب النقش لە کۆتایدا ئەوەی ماوە بڵێین قوتابیانی ڕێبازی بارزانی، ئەگەر چەکی نووسینیان هەڵگرت، بە باوەڕێکی پۆڵایینەوە تێدەکۆشن بۆ سەرفرازی کوردستان. هەمیشە ناترسن و دەپرسن و دەنووسن.

هەرێم کەمال ئاغا: هیچ پڕۆژە یاسایەک بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق ئامادەنەکراوە

ژمارەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا گەیشتووەتە هەشت هەزار سەرباز

کورد و سوننە و بەشێکی شیعەش لەگەڵ مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکان لە عێراق

مقۆمقۆکان لەبارەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق کە بەپێی زانیارییەکانی گەیشتوونەتە هەشت هەزار سەرباز، زیاتر بوون و داواکاریش بۆ دەرکردنیان، بەرزبووەتەوە. ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگریی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، هەرێم کەمال ئاغا ڕەتیدەکاتەوە هیچ پڕۆژە یاسایەک لە لایەن لیژنەکەیانەوە داڕێژرابێت یان گەیشتبێتە لیژنەکەیان بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەم پەرلەمانی عێراقەوە، دەشڵێت کورد و سوننە و بەشێکی شیعەش لەگەڵ مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکان لە عێراق.



هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق کاتەی بارودۆخی عێراق جێگیر دەبێت و ئەم وڵاتە دەبێتە وڵاتێکی خاوەن سەروەرییەکی تەواو و ئاسایش و ئارامی بەخۆیەوە دەبینێت، چونکە سەروەریی پێشێلکراوە، هەروەها ئەو کاتە بێت کە عێراق خاوەن ئابووریەکی باش بێت و بتوانێت هێزەکانی خۆی تەواو تۆکمە بکات، ئێستا عێراق زۆر پێویستی بە ئەمەریکایە. لە لایەنی سوننەکانیشەوە زۆر داوای مانەوەی ئەمەریکییەکان لە عێراق دەکەن نەک بە تەنها وەکو پێویستیی بزانن، بەڵکو بەرگریی لە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکەن. لە نێو شیعەکانیشدا کۆدەنگی لەسەر دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا نییە، بەڵکو چەند هێزێکی سیاسیی شیعی لەگەڵ مانەوەی ئەو هێزانەن، بەڵام هەندێکی دیکەشیان وەکو کاردانەوەیەک لەگەڵ ئەوەن ئەو هێزانەی ئەمەریکا لە عێراق دەربکرێن و ئەمە بەپێی یاسا بێت.

ئەمەریکا لە شەش پارێزگای عێراق بنکەی سەربازیی هەیە و بەشی زۆری بوونی ئەمەریکییەکان لە ناوچە سوننە نشینەکاندایە و بەپێی قسەی بەیاتی بێت ئەمەریکا بەشێک لە هێزەکانی لە سووریاوە بۆ عێراق کشاندووەتەوە. سەرباری ئەوەی هێزی سەربازیی زیاتر لە 20 وڵات لەسەر خاکی عێراق بلاوبوونەتەوە، بەڵام سەربازەکانی ئەمەریکا پتر لە هەر وڵاتێکی دیکە مقۆمقۆی دروستکردووە و زۆرترین قسەیان لەبارەوە دەکرێت، بەتایبەت لە دوای تێکشاندنی داعش لە سااڵی 2017 و دۆڕاندنی 99لەسەدی ئەو خاکەی لەژێر دەستی داببو، چەند ڕۆژێکە میدیاکانی عێراق دەنگۆی داڕشتنی پڕۆژە یاسایەک دەکەن لە لایەن لیژنەی ئاسایش و بەرگری ئەنجوومەنی نوێنەران کە گوایە بۆ دەرکردنی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق کە لە سااڵی 2003 هاتنە عێراق و بەپێی ڕێککەوتننامەی ستراتیجی ئەمنیی نێوان هەردوو وڵات دوایین سەربازی ئەو وڵاتە لە 2011عێراقی بەجێهێشت، بەاڵم دواتر و لە دوای هێرشەکانی داعش لە حوزەیرانی 2014 بەتەرزێکی دیکە هاتنەوە بۆ عێراق و ئەمجارە لەگەڵ ئەواندا هێزی چەندین وڵاتی دیکەش لەژێر چەتری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بەداعش هاتنەوە عێراق.

بەپێی زانیارییە فەرمییەکانی سەرچاوە سەربازییەکانی عێراق، پێنج هەزار و 500 سەربازی ئەمەریکی لە عێراقدا هەن کە لە هەشت بنکەی سەربازیی جێگیرکراون، ئەو بنکە سەربازییانە دەکەونە شەش پارێزگای عێراق کە ئەوانیش پارێزگاکانی نەینەوا، هەولێر، کەرکووک، سەاڵحەددین، هەروەها پارێزگاکانی بەغدا، ناوەڕاستی عێراق، ئەنبار ڕۆژئاوای عێراق.

بە قسەی بەرپرسانی باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە نێویاندا بەرپرسە سەربازییەکانیان، بوونی هێزەکانی وڵاتەکەیان لە عێراق سێ ئامانجی هەیە ئەوانیش بریتین لە پێشکەشکردنی ڕاوێژی سەربازی بە هێزەکانی عێراق، هەروەها مەشق و ڕاهێنان بەو هێزانە، بەتایبەت کە لە سااڵی 2014وە دەرکەوت هێزەکانی عێراق پێویستیان بە مەشق و ڕاهێنانی زیاتر هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پرچەککردنی ئەو هێزانە و ڕاهێنانیان لەسەر ئەو چەکانەی وڵاتەکەیان بەرهەمی دەهێنێت.

ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، هەرێم کەمال ئاغا ڕەتیدەکاتەوە هیچ پڕۆژە یاسایەک لە لایەن لیژنەکەیانەوە بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکادان لە عێراق تا ئەو ڕاگەیەندراوێکدا باڵاویکردەوە کە دانیشتنێکی بۆ تاوتوێکردنی ئەو داواکارییەی سازکرد کە لە لایەن ئەندامانی ئەنجوومەنەکەوە لە بارەی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دانیشتنی پێشووتر کە تیادا محەمەد مەیاحی وەک پارێزگاری واست هەڵبژێردراوە، پێشکەش کرابوو. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە میانی دانیشتنەکەدا، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای واست، محەمەد مەیاحی لە پۆستەکەی دوورخرایەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا، هاتووە، هەروەها لە میانی دانیشتنەکەدا جێگری پارێزگار، عادل زرگانی دیاری کرا کاروباری پارێزگاکە بەڕێوەببات تا ئەو کاتەی پارێزگارێکی نوێ بۆ پارێزگای نەینەوا بنکەیەکی سەربازیی گەورەی هەیە کە دەکەوێتە فڕۆکەخانەی سەربازیی گەیارەوە و لە پارێزگای ئەنباریش، وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دوو بنکەی سەربازیی هەیە یەکێکیان بەناوی عێن ئەلئەسەد لە قەزای بەغدادی و ئەوی دیکەشیان لە ناوچەی حەبانییە، ئەوە سەرباری سەربازگەیەک لە قەزای بەلەد سەر بە پارێزگای سەاڵحەددین کە لە بنکەی بەلەدی ئاسمانیدایە و بە بنکەیەک بۆ کۆنترۆڵکردنی فڕینی فڕۆکەکانی F-16 دادەنرێت، هاوکات بنکەیەکی دیکەی سەربازیشی لە قەزای تاجی باکووری بەغدا هەیە. لە پایتەختی عێراقیش ڕاپۆرتەکە ئەوەی ڕووندکردووەتەوە کە بنکەی ئیکتۆری سەرکەوتن لە سنووری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا هەیە و بۆ سەرکردایەتیکردن و کۆنترۆڵ و لێپێچینەوە و زانیاریی هەواڵگریی بەکاردەهێنرێت.

بەرپرسێک لە بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی هاوکاریی داعشی کردووە

بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی پیشەسازی هاوکاریی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشی لە بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی، کردووە



دوێنێ سێشەمە، ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمەریکی لە ڕاپۆرتێکدا باڵاوی کردووەتەوە، کە سولێمان ئەلعەفاری، بەرپرس بووە لە وەزارەتی پیشەسازیی عێراقی و زانایەکی بواری کیمیاییە. هەروەک ڕۆژنامەکە باڵاوی کردووەتەوە، دوای داگیرکردنی شاری مووسڵ لە الیەن داعشەوە، سولێمان ئەلعەفاری بڕیاری کارکردنی بۆ ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە داوە و لە بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی و گازی خەردەل، هاوکاریی کردوون. واشنتن پۆست چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئەو زانا عێراقییە، کە لە گرتووخانەکانی هەرێمی کوردستان بە تۆمەتی داعشبوون زیندانی کراوە، کردووە و تێیدا ڕایگەیاندووە، ماوەی 15 مانگ هاوکاریی داعشی کردووە لە بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی و گازی کوشندە. داعش لە شەڕەکانیدا دژی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، گازی خەردەڵ و چەکی کیمیایی بەکار دەهێنا و بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون.

محەمەد مەیاحی لە پۆستی پارێزگاری واست دوورخرایەوە



ئەنجوومەنی پارێزگای واست باشووری عێراق لە دانشتنێکدا، دەنگی دا لەسەر دوورخستنەوەی پارێزگار، محەمەد مەیاحی لە پۆستەکەی، ئەویش لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دانیشتنی پێشووتر کە تیایدا ناوبراو وەک پارێزگاری نوێ هەڵبژێردرابوو. ئەنجوومەنی پارێزگای واست لە جێگرەوەی محەمەد مەیاحی هەڵدەبژێردرێت. لە مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوودا، ئەنجوومەنی پارێزگای واست، محەمەد مەیاحی وەک پارێزگاری نوێ هەڵبژارد، ئەویش دوای ئەوەی پارێزگاری پێشوو، محەمەد عەبد ڕەزا بوو بە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران.

سیادە یان سەروەری؟



فارس قادر فەتح عەبدوللا*

سیادە و سەروەری دوو وشەی یەک مانان تەنها کوردی و عەرەبییە جیاوازییەکەیان، سیادە وشەیەکە هەرچەند عەرەبییە، بەڵام ئێمەی کوردیش بەکاری دێنین و مەبەست لە سیادە (سەروەرییە) سەروەریش لە هەر شوێنێک بابەتێک دەگرێتەوە لە هەر وڵاتێک و نیشتمانێک و بگرە تا ماڵێک لە نێوان چوارچێوەی چوار دیوار، یان هەر شوێنێکی سنووردار و بە هەر شێوازێک بێت تا دەگاتە ناونیشان و ناو و کۆمپانیا و کەسایەتی تاک و بگرە مرۆڤ بە گشتی، هەر هەمووی سیادەی خۆیان هەیە ,هەندێ کات دەکرێ بگوترێت سیادەی وڵاتێکی بەسەر وڵاتێکی تر تا ئەو ڕادەیەی لە بواری یاساش هەموو شتێکی (کامل) و تەندروست سیادەی خۆی هەیە و مرۆڤیش لە 18 ساڵییەوە سیادەی خۆی دەبێت و دەبێ سیادەی دەوراوپشتیشی بپارێزێت و پێ لە پیرۆزییەکانی کەسانی تر نەنێت ,ئەمە تێگەیشتنە لە سیادە بە گشتی.

سیادەی وڵات یەکێکە لەو بابەتانەی کە باسی دەکەین و گەر باسی سیادەی عێراقی بکەین، عێراق لە لایەنی قانوونی (یاسایی) سیادەی خۆی هەیە بەڵێ کەموکوڕی و ئەندامەلە نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵام لە واقیعدا و لە جێبەجێکردنی لەسەر زەوی، ئەمە شتێکی تەرە و پێچەوانەی لایەنە واقیعی و یاسییەکەیە و ئەمەش بەهۆی عەقڵییەتی لاواز و خۆ بەکەمزانین و نەگونجانی واقیعی جوگرافی و میژوویی عێراق لە ناوخۆ و بوونی بیرۆکەی شەڕخوازیی لەگەڵ یەکتر کە نەچوونەتە ژێربااڵی ڕاستییەکان ,بۆ نموونە هیچ کات کورد دان بە وجودی دەسەاڵت و حوکمڕانی زۆرەملێ دەسەاڵتدارانی عێراقی دانەناوە و دانانێت گەر بە ناچاریش بۆ ماوەیەک خۆی لەگەڵ بارودۆخەکە گونجاندبێت، بەاڵم لە ناخەوە بڕوای بە سیادە و سەروەری بە زۆرەملێ و لکاندنی بەشێک لە کوردستان بە بەشێکی وڵاتانی عەرەبی نەبووە و بگرە هەردەم کاریشی کردووە بۆ شکاندنی ئەو سەروەرییە زۆرداری و زۆرەملێیە، چونکە بە سەروەری و سیادەی خۆی نەزانیوە لەبەر ئەوەی هیچ کاتێک عەرەبێش بەو چاوەی کە تەماشای خۆی دەکات تەماشای کوردی نەکردووە، بەڵکو بە چاوێکی کەمتر سەیری کوردی کردووە، بگرە لێرە و لەوێ لە کاتی پێویست هەندێجار موجامەلەی کوردی کردووە، کە ئەمەش لە لای کورد شاراوە نییە، کە بۆ بەرژەوەندییەکی کاتییە و لێی بە ئاگا بووە و ئەم سیناریۆیە لە لایەن وڵاتە داگیرکەرەکانی تریش هەروابووە و واکراوە، چ ئێران یان تورکیا یان سووریا، هەموو لایەک بە سەیر بکەین، چەند وڵاتێکی بێ مانایە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە، کورد هەر خۆی لە سااڵنی (هەشتاکان تا نەوەدەکان) چەندینجار بۆ شەڕی یەکتر ڕێگایان بە دوژمن داوە کە سیادەی خاکیان پێشێل بکات، بۆ نموونە ساڵی 1994وە ساڵی 1996هێزانی ئێران بۆ ناوچەکانی کوردستان تا شاری کۆیە، چەندین جاری تر کە ئەم کارە قێزەونە کراوە و بووە بە میژووش و بۆ زیاتر شرۆڤەکردنی لە هەڤاڵێکی خۆم بابەتێکم بیست لە ساڵی 2004پاش کارەساتەکەی شوباتی 2004کە لە هەولێر کە ڕوویدا و لە ئەنجام سەروەری نەوەد کادیر لە لقی پارتی و مەڵبەندی یەکێتی، شەهیدبوون، دیارە لە دانیشتنێک ئەو کات پارێزگاری سلێمانی بەڕێز (س.ع) بە پارێزگاری هەولێری گوتبوو، من زۆر مەمنوونی کۆماری ئیسلامی ئێرانم کە سلێمانیمان بۆ دەپارێزێت! گەر ئەوان نەبن، سلێمانیش وەک هەولێری لێ دێت کە لە 1ی شوبات ڕوویدا!

جا دیارە پرسیار دەکرێ و دەڵێن چۆن؟! ئایە پاسدار لە ناو سلێمانی ئەمنیەت دەپارێزن؟! لە وەاڵمدا گوتبووی: نەخێر، مەبەستم وانییە، بەاڵم ئێران زیاتر لە 360کۆمپانیایان هەیە لە سلێمانی، کە هەمووی کاری چاوساغی و ئەمنیەت دەکەن و بە ناوی بازرگانییەوە هەموویان سەر بە ئیتلاعاتن، ئێستا لەناو سلێمانین و گتوبووی گەر بیانەوێت خراپە بکەن، دەتوانن شارەکە وێران بکەن، بە هەرحاڵ ئەمە دانپێدانانی خاوەن ماڵە! ئەمە لە لایەک لە لایەکی تر، ئێران کە لەوسەری عێراق بۆ باسکردن و گوتنی شتێکی بێ مانایە، ئەمە لە لایەکی ترەوە، کورد هەر خۆی لە ساڵان



لەمیانەی قەیرانی ئەمریکا و ئێران
هەوڵێر بۆتە وێستگەیەکی دیپلۆماسی و سیاسی

خەبات: تریفە ئازاد

لەدوو هەفتەی رابردوودا هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بۆتە وەیستگەیەکی دیپلۆماسی سیاسی وڵاتانی زلهێز و ئەقلیمی ، بێگومان ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو بارو دۆخەیە کە ئێستاکە هەرێمی کوردستان و عێراق و تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەراست پێیدا دەگوزەرێ. ئاشکرایە کە سوریا و عێراق و ئێرانهەروەها تورکیاش لەلایەک و ئەمریکا لە لایەکی دیکەوە خزاونەتە نێو قەیرانێکی سیاسی ـ سەربازی، لە چوارچێوەی ململانێی (ئەمریکا ـ ئیران) شاراوەنییە کە ئێرانلە سوریا و عێراقدا هەژموون و بوون و کاریگەری خۆی هەیە، بۆیە وایپێدەچێت لە سەرەتای بەریەککەوتنی قەیرانی ئەمریکا و ئێرانلە عێراقدا دەبێت، لەم رووەوە کوردستان (هەولێر) پێگەیەکی هێمن و گونجاوی یەکلاکردنەوەی قەیرانەکانیان دەبێت و هەروەها هەڵوێستە حەکیامانەکەی سەرۆک مسعود بارزانی کاریگەرییەکی ئەرێنی یەکلاکردنەوەی قەیرانەکە دەبێت. بۆیە ئەمڕۆ دەبینین کە هەولێر بۆتە شانۆی گۆرینەوەی بیروڕای لایەنەکانی قەیرانەکەی، هەروەها بێلایەنی و سەقامگیری و بەڵانسی سیاسی هەولێر بۆتە مایەی گرنگی هەولێر لەم قەیرانەدا و دوورنییە قەیرانەکەی لایەنەکان بەشێوەیەکی دیپلۆماسی لە هولێر چارەسەربێت، ئەگەرنا بەپێچەوانەوە هەولێر دەخوازێ لەم قەیرانەدا بێلایەن و دووربێت لە بێشهاتێکی نەخوازراوی نێوان لایەنەکانی قەیرانەکە. بۆیە ئەمڕۆ هەموو لایەک بە بایەخ و گرنگییەوە دەروانە پێگەی سیاسی و دیپلۆماسی هەولێر و سەرۆک مسعود بارزانی.

هەرێمی کوردستان رۆڵێکی گرنگی هەیە لە یەکلاکردنەوەی هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق

دکتۆر نەوزاد هێتوتی مامۆستای زانکۆ و شارەزا لە بواری نێو دەوڵەتی لە بارەی هاتنی شاندی بەرزی وڵاتان، لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گووتی: هاتنی بەرپرسانی پلە بەرزی وڵاتانی گەورەی وەک ئەمریکا و فرەنسا ودەوڵەتانی تر بۆ هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە دوای رووداوەکانی 16 ئۆکتوبەر، ئاماژەیەکی گرنگە لە بەهێز بوونی سەنگ و پێگەی هەرێم لەسەر ئاستی عیراق و ناوچەکە. هەرێمی کوردستان ئێستا لە عێراق و ناوچەکەدا ڕۆلێکی گرنگیان هەیە لە شەری دژە تیرۆر و چەسپاندنی سەقامگیرکردنی عێراق و ناوچەکە. هەروەها هەرێم لە ڕووی گاز ونەوتەووە دیسان پێگەیەکی ئابوری گرنگی هەیە.

بە تایبەت لەسەر ئاستی عێراق، دەوڵەتە گەورەکانی وەک ئەمریکا باش دەزانن بەبێ کورد ناتوانن بەرژەوەندیەکانیان لە عێراقدا بپارێزن. بۆیە پێویستیان بە ڕۆل و پێگەی کورد هەیە بۆ شەڕی دژە تیرۆر. هەروەها بۆئەوەی عێراق سەقامگیر ببێت. لە لایەک فاکتەری کورد گرنگە بۆ ئەوەی جورێک لە هاوسەنگی لە عێراقدا دروست بکرێت بە شێوەیک پێکهاتەی شیعە نەتوانن کونترۆڵی تەواوی جوومگە سەرەکییەکانی دەسەلات لە عێراق بکەن. بە تایبەت ئەوانەی لە ئیرانەووە نزیکن. ئەم فاکتەرانە وایکردووە ئەم دەوڵەتانە گرنگی بە هەرێمی کوردستان بدەن ودەزانن کە هەرێم ڕۆلەکی گرنگی هەیە لە یەکلاکردنەوەی هاوکیشە سیاسییەکانی عێراق وبەبێ هەرێم ئەو کێشانە چارەسە نابن وعێراقیش توشی قەیران و تەنگژەی گەورە دەبێت. بۆیە هەرێم لەرووی گاز ونەوتەووە دیسان پێگەیەکی ئابوری گرنگی هەیە.

وەبەرلزییەوەی پێگەیەکی گرنگی هەیە لە عێراقدا.

بێگومان سەرۆک بارزانی بە هۆی ئەو پێگە سیاسی و میژوییەکەی کە هەیەتی وئەو متمانەی کە لە لای خەڵکی کوردستانەوە هەیە و هەروەها پارتەکەشی گەورەترین پارتی سیاسییە لە هەرێمی کوردستان و زۆرترین دەنگ و کورسی هەیە لە پەرلەمانی کوردستاندا. ئەمانە وایکردووە، بەبێ سەروک بارزانی کیشەکانی عێراق چارەسەر نابن. بارزانی دەتوانێت ڕۆلێکی گەورەی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق بە تایبەت ئەو کێشانەی لە نێوان هەرێم و بەغدا هەیە. بە تایبەت بەرپرسانی بەغدا قسەی بارزانی بە قسەی هەموو کورد دەزانین . بۆیە هەر کێشەیەک لە نێوان هەرێم و بەغدا هەبێت، عێراقییەکان پێش هەموو کەسێک پەنا بۆ بارزانی دەبن بۆ ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بدات. بە ڕاستیش لایەنی عێراقی و تەنانەت دەرەکیش بارزانی بە مەرجەعی کوردستان دەزانن لە هەموو پارچەکان، بۆیەش بەردەوام هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی بارزانییەوە گوی لە داخوازییەکانی کورد بگرن..

ئایندەیەکی باش چاوەڕوانی ئابووری هەرێمی کوردستان دەکات

دکتۆر محەمەد زرارمامۆستای زانکۆ و شارەزا لە بواری ئابوری بە بایەخەیەوە باس لە سەردانی شاندی وڵاتان دەکات بۆ هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گووتی:هاتنی ئەو هەموو شاندە بۆ هەرێمی کوردستان بە تایبەت وەزیرانی دەرەوی وواڵتە زلهێزەکانی وەک ئەمریکاو فەرەنساو ئەڵمانیا و دواجاریش وەزیری دەرەوەی ئێران بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر بێت و سەیر بکەین گرنکی و پێگەی هەرێمی کوردستان دەردەخات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت لەڕووی ئابوری، چونکە ئەوەندەی گرنکی بە هەرێمی کوردستان ئەدرێت لەلایەن وواڵتە زلهێزەکان ڕەنگە ئەوەندە گرنکی بە وواڵتیکی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەدرێت، ئەگەر بە ووردی سەیر بکەین ئەو گرنکی پێدانەش لەلایەن ئەو وواڵتانە بۆ چەند هۆکارێک ئەگەرێتەوە لەوانە شوێن و هەڵکەوتەی ستراتیجی هەرێمی کوردستان لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست، هەرێمی کوردستان لەڕووی ستراتیجی هاوسنورە لەگەل هەریەک لە وواڵتی ئێران و تورکیاو عێراق و سوریا ، ئەمەش وەک پردی بازرگانی نێوان ئەو وواڵتانە سودی لئ ئەبینرێت وە ئەو وواڵتانە بەیەک ئەبەستێتەوە ، ئەگەر بە نمونە باسی بکەین زۆربەی زۆری ئەو ئال و گۆڕی بازرگانیەی نێوان عێراق و تورکیا لەڕێگەی هەرێمی کوردستانە ، وە حکومەتی عراقیش ئێستا گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە ئەبێت پەیوەندیەکانی لەگەل هەرێمی کوردستان ئاسایی بکاتەوە چونکە ڕەنگە لە هەرکاتێک لە کاتەکان حکومەتی عێراق پێویستی زۆری بە هەرێمی کوردستان هەبێت بۆ کۆمپانیای نێودەلەتی وبەرهێنان دەکەن لەو سێکتەرە وە هەروەها چەندین کۆمپانیای تریش چاویان لەوەیە کە بێن لە هەرێمی کوردستان وبەرهێنان بکات لەو سیکتەرە، هەروەک ڕوون و ئاشکرایە کەوا ئەمرۆ لە جیهان جەنگی ووزە و جەنگی ئابوری بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا هەستی پێ ئەکرێت لە نێوان وواڵتە زلهێزەکان کە هەریەکێک لەوانە کۆمەلێک بەرژەوەندی تایبەت بەخۆی هەیە ، هەندێکیان بەرژەوەندیان لەوەیە کەوا نرخی سوتەمەنی یان ووزەی بەکارهێنان دابەزێت هەندێکیش بە بێچەوانەوە بەرژەوەندیان لەوەیە کەوا نرخەکە زیاد بێت وەک ڕوسیا کە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی ئەو وواڵتە لەرێگای کەرتی ووزەیە ، بەڵام لەلایەکی تر وواڵتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە پێچەوانەوە هەوڵی دابەزاندنی نرخی نەوت دەدات بۆ ئەوەی بتوانێت گورزی ئابوری لە وواڵتە نەیارەکانی بدات کەوا وزە سەرچاوەی سەرەکی داهاتیانە وەک ڕوسیاو ئێران.

بۆیە هاتنی ئەو هەموو شاندە بالآیانەی ئەم وواڵتانە بۆ هەرێمی کوردستان جگە لە ڕووی سیاسی و پەیوندی دیبلۆماسی پەیوندیەکی زۆری هەیە بە پەرەپێدانی ئابوری لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەروەک وەزیری دەرەوەی ئێران بە ئاشکرا باسی لەوە کرد کە هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە گرنکە، وەباسی لەوەش کرد کە پلانمان هەیە قەبارەی ئاڵ و گۆڕی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە حەوت ملیار دۆلارەوە بەرز بکەینەوە بۆ دە ملیار دۆلار، لەکۆتاییدا ئەمەویت بڵێم کەوا بەڕای من ئابوری هەرێمی کوردستان ئایندەیەکی باش چاوەڕوانی دەکات ئەگەر باردودۆخی سیاسی ناوچەکە



دکتۆر نەوزاد هێتوتی، مامۆستای زانکۆ



دکتۆر محەمەد زرار، مامۆستای زانکۆ



یادگار محەمەد، چاودێری سیاسیی

تێک نەچێت و وەک ئێستا بمینێتەوە.

ئایا چۆن لەو ئاستە بالآیەدا لەم بارودۆخە سەخت و ئاڵۆزەدا سەردانی هەرێمێکی بچووک دەکرێت


یادگار محەمەد چاودێری سیاسیی ئەم سەردانەنانەی وڵاتان بۆ هەرێمی کوردستان بە ئاستێکی بالآ باس دەکات و بۆ ڕۆژنامەی خەبات گووتی:لەم ساتەوەختەدا کە ناوچە بەگشتی لەناو قەیران و ملمانێی تونڈی زلهێزە جیهانی و ناوچەکەدایە سەردانی هەریەک لە وەزیرانی دەرەوەی سێ وڵاتی گەورە و کاریگەر بۆ هەرێم جێگای بایەخە و دەبێت لەلای خۆمان، کورد بەتایبەتی جێگای گرنگی و بایەخ پێدان بێت، چونکە گەر سەیری سەردانی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بکەین ئەوا دەبینین کە دوای هەولێر سەردانی چەند وڵاتێکی تری کرد، لەوانە میسر. ئەم سەردانەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوەی سیاسەت و ستراتیجی ئەمەریکایە لە ناوچەکەدا ! هەربۆیە سەردانی پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ هەولێر پێمان دەڵێت کە هەرێم سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەت نییە ، بەڵام لە ئەجێندای گەشتی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکادایە ، گەشتێک بە ئەجێندایەکی گرنگ کە مەبەست لێی ڕێکخستنەوەی سیاسەتی ئەو زلهێزەیە.... هەرچی سەردانی وڵاتی دراوسێمان کە ئێرانە ، ئەم سەردانەش هەر جێگای بایەخە ، لەبەرئەوەی ئێستاش سیاسەت و هەڵوێستی بەتایبەتی دژی ئەنجامدانی ڕیفڕاندۆم لە بیرەوەڕیاندا هەر سەوزە ، بەڵام زمانی جەستەی وەزیری دەرەوەیان زۆر شتی پێووتین لە کاتی بینینی بەڕێز مەسعود بارزانی دا ! سەردانی وڵاتی دراوسێمان لە ساتەوەختێکدایە کە ملمانێی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەمەریکا گەیشتۆتە لوتکە و هەرێم بۆ کۆماری ئیسلامی تاکە دەرچەیە ئیتر ئایا هەرێم چۆن ئەم پێگەیە و ئەم کارتە لە بەرژەوەندی خۆی بەکاردەهێنێت، دەبێت چاوەڕوانی کاردانەوە و کاریگەریی و ڕوداوەکانی ناوچەکە بەگشتی و بەتایبەتی هەرێم بکەین...

ئەوەی کە خاڵی هاوبەشە لە نێوان ئەم دوو دژەدا (ئێران و ئەمەریکا) هەرێمە، هەر دووکیان لە یەک هەفتەدا لە ئاستی باڵا سەردانی هەرێم دەکەن

کەواتە دەبێت بپرسین ئایا چۆن و بۆ لەو ئاستە باڵایەدا لەم بارودۆخە سەخت و ئاڵۆزەدا سەردانی هەرێمێکی بچوک و بەتایبەتی هەر گەیشتنیان بۆ هەولێر ملیاننا بەرەو شۆینی نیشتەجێی بەڕێز مەسعود بارزانی ؟!

ئەو سیاسەتە، سیاسەتی بەڕێز مەسعود بارزانی لەسەر چەند پێکهاتەیەک بەندە کە بریتین لە ڕاگرتنی بالآنس نەک سازش کردن، سیاسەت و ئەجێندای سەربەخۆ ، ئەنجامدانی پرۆژەی ڕیفراندۆم وەک باشترین نمونە و بەڵگە. سیاسەت لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتیمانی، بەڵام دوور لە تەعەسوب، بەم شێوەیە و بەم ئاستە سیاسەتکردن لەلایەن بەڕێزیانەوە هەرێمی کردە بەرامبەرێک و هاوتایەکی گرنگ و کاریگەر لە ناوچەکەدا ، خودی بەڕێزیشیان بوون بە مەرجەع.

مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای چرۆستانی
مامۆستای خوێندنی زانستە ئاینییەکانی مەلا مستەفای بارزانی





عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد (ئەحمەد ئاوایی)*

ناو و بنەماڵە لەدایکبوونی مامۆستا ناوی (عەبدوڵڵای کوڕی مامۆستا مەلا عەبدولڕەحیمی میراوەدلی چرۆستانی، کوڕی مەلا عومەری کوڕی مەلا شەریفی کوڕی شێخ ئیبراهیمی کوڕی شێخ موحەمەد ئاغای کوڕی ئەمیر عەبدوڵڵای کوڕی پیر خدری شاهۆ)یە، و بە نازناوی (چرۆستانی) ناسراوە، مامۆستا لە ساڵی (1897ز) لە گوندی (ئابلاخ)ی، نزیک شاری سلێمانی، لە بنەماڵەیەکی ئایینیپەروەر و ناسراوی ناوچەکە لەدایکبووە.

سەردەمی خوێندن و پاش خوێندنی: مامۆستا وەک هەموو فەقێیەکی ولاتی کوردەواری بە شار و دێهاتەکانی کوردستاندا بە باشور و ڕۆژهەلاتەوە گەڕاوە بۆ دەستخستنی زانست، و لە خزمەت ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایاندا خوێندوویەتی، لەوانە: مامۆستا مەلا عەبدولڕەحیمی چرۆستانی- باوکی، و مامۆستا مەلا محەمەدی چرۆستانی- برای گەورەی، و مامۆستا مەلا ئەحمەدی تورجانی لە بۆکان و مامۆستا مەلا ئەحمەدی ڕەش لە هەولێر و مامۆستا شێخ عومەری قەرەداغی لە سلێمانی و چەندی تریش .... و دواجاریش هەر لە شاری سلێمانی و لە خزمەت عەللامە مامۆستا شێخ عومەری ئیبنولقەرەداغیدا ئیجازەی عیلمیی ڕ مەلایەتی وەرگرتووە، و لەو ڕۆژە بە دواوە تا کۆتایی تەمەنی سەرقاڵی خزمەتکردنی ئایین و نیشتیمانەکەی بووە و لە مزگەوتدا ڕێنموونی خەڵکی و لە حوجرەیشدا وانەیێژی کردووە، و لە تەمەنی خۆیدا وانەی بە سەدان زانای ئەم ولاتە گوتووەتەوە، کە ژمارەیەکی زۆریان لە مەلا و سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانن، لەوانە: عەللامە مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی کۆڵ، و مامۆستا مەلا فایەقی ئەلمانەیی - شارەزووری، (مەلای شۆڕشگێڕ مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی سیفەتاڵەیی : مەلا ئاوارە)، و مامۆستا مەلا سەیید ڕەشید حسێنی، و مەلا مستەفای بارزانی و مامۆستا قانیعی شاعیر و مامۆستا مەلا شێخ ئەحمەدی مەردۆخی و مەلا ئەبوبەکری کوڕی خودی مامۆستا و مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس و شێخ محەمەدی خەتیب و مەلا سەعیدی زمناکۆیی و مامۆستا مەلا ئەحمەدی، ئەحمەدئاوا و دەیانی تر.

و مامۆستا لە بواری نووسینیشدا نزیکەی (30) بەرهەمی هەن، کە تەنها سیانیان چاپکراون، و لە ڕووی ئەدەبیاتیشەوە شاعیرێکی باش بووە، بەڵام زۆر بایەخی بە شیعرەوتن نەداوە.

ڕەوشت و ئاکاری مامۆستای (چرۆستانی): مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای چرۆستانی لەگەڵ ئەوەدا کە موفتی و زانایەکی پێشەنگی سەردەمی خۆی بووە، و زانا و ئایینپەروەرێکی بێ خەوش و زمانەوان ودانایەکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤێکی خاکی بوو، و خاوەنی چەند ڕەوشتێکی جوان و بەرز و سەنگین بوو، لەوانە:

1- خۆبەزل نەزانین و پەیوەست بوونی بەردەوام بە یادی خوداوە.

2- ڕێزگرتن لە هەموو کەسێ جا گەورەبێ یا بچووک بێ.

3- خۆشەویستی بۆ هەموو ئەوانەی لە دەوروبەریدا بوون، بەبێ جیاوازی، ئەویش تەنها لەبەر خودا، نەک بۆ بەرژەوەندی دنیایی.

4- کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو، تەنانەت لەکاتی بەرەو ڕووبوونەوەی ناخۆشیشدا بەوپەڕی ژیرییەوە مامەڵەی دەکرد و هەرگیز نەدەپەشۆکا.

5- ترسی تەنها لە خوا بوو، بۆیە قەت لە مرۆڤەکان نەدەترسا.

6- کاتی پێدەکەنی قاقای نەبوو، بەڵکو تەنها زەردەخەنەی هەبوو.

7- هەرگیز ئازاری کەسی نەدەدا و نەشیدەویست بە هۆی ئەوەوە کەس ئازار بدرێ و بگرە لە هەموو تەمەنیدا بە زمان یان بە نووسین یان بە هەڵوێست زیانی بە کەس نەگەیاندووە و نەیویستووە بەرامبەرەکەی زامدار بکا و دڵی بشکێنێ و ڕوو شکێنی بکات.

8- ئەوەی بەحەقی زانی بێت گوتوویەتی و نووسیویەتی و نموونەی زانای خواناس و دڵسۆز و گەلویست و بەهەڵوێست بووە.

9- کەسێکی تەریق نەدەکردەوە کە هەڵەی بەرامبەر ئەنجام دابێ، بەڵکو هەوڵیداوە دواتر لە هەڵەکەی خۆی ئاگاداری بکاتەوە.

10- مالّی دونیای لا هیچ بووە و گوێی پێنەداوە، کاتێ لە گەڕەکی هۆڵێ (چواربااخ) خانووی کردووە ئەو ناوە هەمووی دارو دەوەن بووە، خانوەکەش کە کردوویەتی نزیکی (125م) بووە، کە پێیان وتووە: بۆچی ئەو خانووە بچووکە، بۆ بە گوریس جیای ناکەیتەوە؟ مامۆستاش دەڵێ: هەر جێی مالّ و منالّی تیا ببێتەوە بەسمە!

11- هەرگیز چاوی لە مالّی کەس نەبووە و خۆی زۆر بەدوور گرتووە لە پارو و پارەی حەرام.

12- هەرگیز لە پاشەملە باسی کەسی بەخراپە نەکردووە و هەوڵیشی داوە کەس لە پاشەملە لەبەردەمی ئەودا باسی کەس بە خراپە نەکات.

13- کاتێ مووچەی لە لایەن حکومەتەوە بۆ بڕایەوە، ئیتر سەرفیترە و زەکاتی لەکەس وەرنەگرتووە.

14- ئەگەر مژڵەتی وەرگرتبێ لە ئەوقاف بۆ سەفەر و پشوودان، داوای لە ئەوقاف کردووە کە بە ئەندازەی ئەو چەند ڕۆژەی کە مژڵەتی وەرگرتووە لە مووچەکەی ببڕدرێت، کە لە مژڵەتدا بووە!

15- بەتەنگ کۆکردنەوەی پارەوە نەبووە، و تەنانەت بۆ مزگەوت و کاری خێرخوازی بەشداری هیچ لیژنەیەکی نەکردووە کە پارەی تیابووبێ، کاتێ (خانەقای مەولانا) نۆژەن کرایەوە کردیان بە ئەندامی (لیژنەی خەرجی ئەو نۆژەن کردنەوەیە) بەڵام قبوڵی نەکرد و ناوی خۆی لەو لیژنەیە لابرد.

16- چاوی لە پلە و پۆست نەبوو، بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی سەرۆکی (یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان) دا لەگەڵ ئەوەدا ڕێژەی دەنگەکانی لە (70%) بوو، وازی لێ هێنا بۆ مامۆستا (مەلا محەمەدی خەتیب).

پەیوەندییەکانی چرۆستانی لە گەڵ تەسەوف و ڕێبازی نەقشبەندی

مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای چرۆستانی موخلیسێکی بێ ئەندازەی ڕێبازی نەقشبەندی و بە تایبەتی شاچرای ئاخرین دەورە - حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەدینی نەقشبەندی بووە، و جەنابیان سەر حەلقەی خەتم بووە لە خانەقای مەولانا خالید لە شاری سلێمانی، کە خەتم سروتێکی تایبەتی ڕێبازی نەقشبەندییە و بە هەڵسواوەتەوە و گسکی حوجرەکەی داوە! و ئیتر لێرەوە پەیوەندییان دەسپێکردووە و تا کۆتایی ژیانی هەردووکیان بەردەوام بووە.

وانەوتنەوەی مامۆستای چرۆستانی بە مەلا مستەفای بارزانی:

دوای ئەوەی مەلا مستەفای بارزانی لە ساڵی (1935ز) لە زێدی خۆی لەسەر شۆڕش و کوردایەتی دوور دەخرێتەوە بۆ شاری سلێمانی، بیر لەوە دەکاتەوە کە درێژە بە خوێندنی ئاینی خۆی بدات، بۆیە دەچێتە مزگەوتی شێخ سەلام کە لەو کاتەدا مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای چرۆستانی مەلا و وانەبێژی دەبێت و لە خزمەتیدا دەست دەکات بە خوێندن و تەنانەت کە مامۆستا چرۆستانی دەچێتە خانەقای مەولانا ئەویش لە گەڵی دەڕوات، و هەرچەندە بارزانی لە ژێر چاودێرییەکی وردی دەسەلاّتدا دەبێت بەڵام مامۆستای چرۆستانی زۆر بوێرانە گوێ بەوە نادات و وەری دەگرێت و وانەی پێ دەڵێتەوە، و لە خزمەتی ئەودا سەرجەمی پڕۆگرامی ئەو کاتەی حوجرە بە دەوروبەرمان نییە، دیفەرمو: فەقێ غەفور! فەقێ نوری! وەک چۆن ئێستا لەم هۆدەیەدا دەرس بە ئێوە دەڵێم، ڕۆژێ لە ڕۆژانیش ئا لەو هۆدەیەدا دەرسم بە (مەلا مستەفای بارزانی) گوتووە، کە ئێستا لە ڕوسیایە و قاچاخە!!

شیاوی باسە لە دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی لە سۆڤیەت و هەروەها بە بۆنەی بەیاننامەی لای (مامۆستا شێخ نوری شێخ باباعەلی)یش، چەند پەڕاوێکی خوێندووە، و لە دوا ماددەدا بووە و وەک زانایانی ئەو کاتەی شاری سلێمانی جەختی لەسەر دەکەنەوە کە نازناوی (مەلا) بۆ مەلا مستەفای بارزانی لە شاری سلێمانی بۆی دانراوە، و لە سەروبەندی ئەوەدا بوون بە کەمتر لە ساڵێکی خوێندن ئاهەنگی ئیجازەی مەلایەتی بۆ ساز بدەن، کە ئەو کاتە باو بووە، بەڵام حکومەت دۆخەکەی زیاتر لەسەر توند دەکاتەوە و ناچار لە ساڵی (1943)دا، و بە هاوکاری (شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی حەفید) لە ڕێی شارباژێڕەوە شاری سلێمانی جێدەهێلێت.

نەوەکانی چرۆستانی

مامۆستا چرۆستانی خانەوادەیەکی گەورەی هەیە، چونکە مامۆستا دوو ژنی هێناوە: لە ژنی یەکەمی حەوت کوڕ و دوو کچ، و لە ژنی دووەمیشی پێنج کوڕ و کچێکی هەبوون، کە دەکاتە پازدە سەر خێزان، کە زۆربەیان خاوەن بڕوانامەن و مەلای باشیشیان تیادایە.

کۆچی دوایی چرۆستانی

مامۆستای (چرۆستانی) دوای تەمەنێکی پڕ بەرەکەت لە خزمەتی دین و ژینی گەلەکەی لە تەمەنی 86 ساڵیدا دوای نوێژی عەسر لە مزگەوتی خانەقای مەولانا خالید دێتە دەرەوە و لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا لە بەروار (1982/11/16) لە بەردەم مزگەوتدا بەسەختی بریندار دەبێت، و ئەم ڕووداوە کاریگەری دەبێت لەسەر تەندروستیی و بۆ ماوەی نزیکی پێنج ساڵ گیرۆدەی سەر جێگا دەبێت، و سەرەنجام سەر لە ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە و دوای نوێژی خەوتنان و لە بەروار (16/ 6 /1988) لە تەمەنی 90 ساڵیدا ، لە گەڕەکی (دەرگەزێن) کۆچی دوایی دەکات و شەو لە مزگەوت تا نوێژی بەیانی ڕۆژی هەینی کەسایەتی و زانایانی شاری سلێمانی و دەوروبەری قورئان لەسەر تەرمەکەی دەخوێنن، و بۆ ڕۆژەکەی لە مەراسیمێکی پڕشکۆدا و لە ڕۆژێکی باراناوی و خوڕەمدا لە گردی (شێخ عەولا)ی، سەیوان، لە شاری سلێمانی بەخاک دەسپێردرێت، و شایەنی باسە حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەدینی نەقشبەندی بەشداری پرسەی مامۆستای کردووە.



ژێدەرەکان:

(1) .عُلَماءُنا فِی خِدمَةِ العِلْمِ وَ الدین، دانانی: مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ل 228، چاپی یەکەم، (بەغدا - 1983).

(2). میژووی زانایانی کورد، نووسینی: مامۆستا مەلا تاهیری بەحرکەیی، چاپی دووەم- 2016، بەرگی دووەم، لاپەڕە (175 - 177).

(3). پەڕتووکی (بیارە، قەصری عاریفان و ئەزهەری کوردستان) نووسینی: مامۆستا شێخ موحسینی موفتی، (چاپی یەکەم - 2017)، لاپەڕە (207).

(4). گەوهەری حەقیقەت، ژیاننامەی حەزرەتی شێخ محەمەد عوسمان سیراجەدینی نەقشبەندی، نووسینی: مامۆستا شێخ موحسین موفتی، بەرگی سێیەم، ل 373-372، چاپی یەکەم، هەولێر (2011).

(5). پوختەیەک لە ژیاننامەی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای چرۆستانی، نووسینی: د.عەدنان عەبدولقادر هەورامانی، (دەسنووس ژ کە بۆ بەندەی ناردبوو).

(6). پوختەیەک لە ژیاننامەی موفتی و زانای گەورە مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا چرۆستانی، ئامادەکردنی: هەردی سابیر، چاپی یەکەم 2016 .

*** ماستەر لەتەفسیری قورئان ژ لەزانکۆی سلێمانی.**

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
چوارشەممە 2019/1/23 ژمارە (5678)
www.xebat.net
خەبات

کاکەمین نەجار: پارتی هێزێکی جەماوەری گەورەیە و بە هیچ کەس و گروپێک بچووک نابێتەوە



کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر لە بارەگای لقی24ی سەفین لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراواندا لەگەڵ بەرپرسی لق و تەواوی هەڤالانی لقی24ی سەفین کۆبۆوە. لە ووتەیەکدا کاکەمین نەجار ڕەوشی ئێستای کوردستان و عێراق و ناوچەکەی بۆ ئاماده بووان شیکردەوە و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستانی خستە ڕوو رایگەیاند پارتی دەستی بە بەرنامەی چڕو پڕ کردوە بە ئامانجی زوو کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم و پێکهێنانی کابینەی تازە . لە دڕێژەی ووتەکانی کاکەمین نەجار ڕەوشی ئێستای کوردستان و عێراق و ناوچەکەی بۆ ئاماده بووان شیکردەوە و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستانی خستە ڕوو رایگەیاند پارتی دەستی بە بەرنامەی چڕو پڕ کردوە بە ئامانجی زوو کاراکردنەوەی بوو بۆیە دەبێ سەرکەوتن و دەسکەوتەکان پێکەوە بپارێزین و نابێ ڕێگە بدەین نەیارانی پارتی درز بخەنە نێو ریزەکانمان و ئەم پێکەوە کار کارکردن و سەرکەوتنانەی بە دەستمان هێناوە لە باری ببەن . لە دڕێژەی کۆبووەنەوەکەیدا کاکەمین نەجار ئاماژەی بە هەوڵی نەیارانی پارتیدا کە بەردەوام دەیانەوێ پارتی لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی کوردستان و ناوچەکە بسڕنەوە بەڵام کۆ دەنگی و پێکەوەیی هەڤالانمان لە تەواوی ئۆرگانە حزبیەکان خەونی نەیانی لە گۆڕناوە . هەر بۆیە لە سەر هەموومان پێویستە بەرژەوەندی پارتی بخەینە سەرووی بەرژەوەندییەکانی تر و پێکەوە کاری سەرکەیمان سەرکەوتنی گەورەتر بێت بۆ پارتی و ڕێبازی بارزانی.

زاخو... ساخکرنا بیروەریا 73 سالیا دامەزراندنا کومارا کوردستان



خەبات/زاخو : سەنتەرێ ڕەوشەنبیریێ زاخو ب هەڤکاری دگەل ڕێڤەبەریا ڕەوشەنبیری یا زاخو سمینارەک ل دور "کومارا کوردستان" بو بروفیسور عەلی تەتەر ساز کر ب هەلکەفتنا بورینا 73 سالان ل سەر دامەزراندنا کومارا کوردستان.

دڤێ سمیناریێ دا یاکو هەژمارەکا بەرچاڤ ژ ڕەوشەنبیر و کەسایەتێن سیاسی و جڤاکی پێن دەڤەرا زاخو تێدا بەشداربوین ڕێزدار عەلی تەتەر ب دریژی ڕونا‌هی دا سەر کاودانێن ناڤخویی ونێڤ دەولەتی ل دەمێ دامەزراندنا کومارا کوردستان، و هەروەسا ئاماژەکرە ڕولێ بارزانیێ نەمر وچەکدارێن بارزانیان ژبو پاراستن و بەگریکرنێ ژ کومارا کوردستانێ ،وهەروسا ئاماژەکرە وان دەسکەفتێن نەتەوەیی و نشتیمانی و دامەزراندنا سازێن حکومەتێ و ڕەوشەنبیری و ئاڤاکرنا هێزەکا فەرمی و ڕێکخستی ژ بو بەرەڤانیکرنێ ژ کومارا کوردستان.

دیسان پڕۆفیسۆر عەلی تەتەر ب گرنگی ڤە ئاماژەکرە ڕولێ سەروکێ کومارا کوردستان قازی موحەمەد دئاڤاکرنا کومارا کوردستان دا کو نمونەیە کا ژ هەژی دواری ڕێڤەبرنا کوماریّ کوردستان دا نیشان دا و هەروسا قوربانی دان ب گیانێ خوە ژ بو پاراستنا خەلکێ کوردستانێ ل دەمێ هێزێن ئیرانی هێرشکرینە سەر کورمارا کوردستان.

ژلایەکی دی ڤە بەرێز عەلی تەتەر دیار کور کو خەلکێ شیانێن ئاڤاکرن ورێڤەبرنا ولاتێ خوە هەنە ونها ژی سەرەرای هندەک کێماسیان خەلکی هەرێما کوردستان شیایە ب ئاوایە سەرکەفتی ولاتێ خوە ب ڕێڤەببەت وغونەیەکا باش یا پێکڤەژیان و ڕێڤەبرنێ ل دەڤەرێ پێشکێش بکەت سەرەرای وان ئاریشەیێن دکەڤنە دڕێکا حوکمەتا هەرێما کوردستانێ دا.

بەرپرسێ لقێ 9 پێشوازیا سەرۆکێ ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ ل کوردستانێ کر



ل بارەگایێ لقێ 9 سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ 9 دگەل کارگێریا لقێ9 پێشوازیا مەلا عەبدوللا وەیسی سەروکێ ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ ل کوردستانێ و مەلا عەبدوللا ئەحمەد بەرپرسێ لقا ئاکرێ یا ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ ل کوردستانێ و شاندەکێ یاوەر کر ، د ڕینشتنەکێ داو ل پشتی بخێرهاتنا شاندا ناڤبری بەرپرسێ لقێ9 ئاماژە دا گرنگیا ڕولێ ماموستایێن ئایینی د هوشیار کرنا جڤاکی دا ل هەمی ئالیەکێڤە و ڕولێ ئێکەتیا ماموستایێن ئایینی ب گشتی ل کوردستانێ ونەمازە یا ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ ل کوردستانێ ب بلند نرخاند ل هوشیارکرنا جڤاکی و هەست کرن ب بەرپرسیارەتیا ئایینی و نەتەوی ونیشتیمانی و ل بەرەڤانیکرن ل ئاخا پیروزا کوردستانێ ل بزاڤا ڕزگاریخوازیا کوردستانێ و نەمازە ل شورشا ئیلونا مەزن و گولانا پێشکەفتنخواز دیسان ل دژی ڕێکخراوەکا تیروریستیا داعش کو جهێ داخێ یە ڤێ ڕێکخراوا داعش و لژێر پەردەیا ئایینێ پیروزێ ئیسلامی چەندین تاوانێن دژی هەمی پەنسیپێن ئایینی و ئەخلاقی و مروڤایەتی ئەنجام دان و زیانەکا مەزن ژی گەهاندە ئایینێ پیرۆزێ ئیسلامێ ، دیسان بەرپرسی لقێ گۆت : پێدڤی یە ئەڤرۆ ژی ماموستایێ ئایینی ب هەمان ڕوحیەت و هەست کرن ب بەرپرسیارەتیی خەلکێ مە هوشیار بکەتن ل هزرا تونددڕەو کو ئەڤ هزرە پاشماوێن وان هزرانە کو دگەل پرەنسیپێن تەڤایا ئایینێن ئاسمانی و ئایینێ ئیسلامێ ناگونجیێن و بەرژەوەندی یا گەلێ کوردستانێ ژی دا نینە چونکی مللەتێ کورد (95%) موسلمانە و ئەڤرۆ چ هزرێن توندرە و نکارن تازە ب تازە ئایینێ پیرۆزێ ئیسلامێ نیشا مە بدەن .لەوما فەرە ماموستایێن ئایینی ل سەر مینبەران ب ڕونی و زەلالی بەحسێ وێ هزرا تونددڕەو و ئەو زولم وستەمێ ل مللەتێ کورد هاتیە کرن و ئەو خەبات و تێکوشین و قوربانیدانا گەلێ کوردستانێ کری و دایی و هیچ دەمەکێ ژی مە نەڤیایە ئەم زولمێ ل هیچ مللەت و نەتەوەیەکێ بکەین و ب تنێ مە داخوازا مافێن خوە کری یە کو ئەڤە ژی د ئایینێ ئیسلامێ دا مافەکێ شەرعی یە ، لدویماهیێ ژی شاندا ناڤبری سوپاسیا بەرپرسێ لقێ 9کر بۆ ڤێ پیشوازیێ و خویا ژی کر کو بەرەڤانیکرن ل مافێن گەلێ کوردستانێ مافەکێ شەرعی یە.

عەدنان کەرکووکی: دەست بەسەر زیاتر لە ملیۆنێک دۆنم زەویی کورددا گیراوە



دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئەوەی مالە کوردەکان لە کەرکووک دەربکرێن و عەرەب لە شوێنیان نیشتەجێ بکرێن.

بەپێی زانیارییەکانیش، تا ئێستا دەست بەسەر ملیۆنێک و 200هەزار دۆنم زەویی جووتیارانی کورددا گیراوە.

عەدنان کەرکووکی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک- گەرمیانی پارتی، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەڵێ: نەک هەر لە کەرکووک، بەڵکوو لە قەزا و ناحییە و گوندەکانیش هەرپشە لە کورد دەکرێت، چونکە پیلانێک هەیە بۆ بەعەرەبکردنی کەرکووک، بۆ ئەوەی کورد ناچار بکرێت مالەکانیان چۆڵ بکەن و خێزانە عەرەبەکان لە شوێنی ئەوان نیشتەجێ بکرێن، ئێستا لە داقووق دەستیان بەو هەڵمەتە کردووە تا دەگاتەوە لەیلان و دارەمان، بۆیە ئەو هێزانەی لە ناوچەکەن بەردەوام هەڵدەکوتنە سەر خێزانە کوردەکان و دەیانگرن، لە گەڕەکی عەرەفەیش هەڕەشە لە 280خێزان کراوە و داوایان لێ کراوە مالەکانیان چۆڵ بکەن، بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخی کەرکووک زیاتر تێک دەچێت. کەرکووکی دەشڵێ: لە ماوەی ڕابردوودا ئەو عەرەبانەی قەرەبوویان وەرگرتبوو، بە تایبەتی ئەوانەی زەوی و زاری کوردیان داگیر کردبوو لە چوارچێوەی مادەی 140 ئێستا مۆڵەتەکانیان بۆ نوێ دەکرێتەوە و دەستیان بەسەر زیاتر لە ملیۆنێک و 200 هەزار دۆنم زەویی کورد لە کەرکووک و ناوچەکانی دیکەدا گرتووە.

تەرمی ئەو گەنجەی لە کەناراوەکانی ئیتاڵیا دۆزرایەوە، دەهێنرێتەوە کوردستان

تەرمی گەنجێکی کورد بەناوی هەڵکەوت محەمەد دانیشتووی سلێمانی، دوای 10 ڕۆژ لە ونبوونی ڕۆژی یەکشەمە 2019/1/20 لە کەناراوەکانی ئیتاڵیا دۆزرایەوە. داوەر سامان سەید عەتار گوتی وەکو داوەرێکی نێودەوڵەتی و ئەندامی دادگای لاهای، لەسەر داوای کەسوکاری گەنجەکە ڕێکارە یاساییەکانمان بۆ تەرمی گەنجەکە تەواوکردوون. کاری تۆپکاری تەواوبووە. لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لەڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بێت یان سلێمانی تەرمی ئەو گەنجە دەهێنینەوە کوردستان. ڕۆژی 2019/1/10 یەختێکی پەنابەران بە 51 سەرنشینەوە لە کەناراوەکانی ئیتاڵیا ژێرئاوکەوت، تەنیا تەرمی هەڵکەوت محەمەد نەدۆزرایەوە. داوەر سامان دەڵێت دوای ئەوەی دادگای باڵای ئیتاڵیا و ئینتەرپوڵمان هێنایە سەر هێڵ و توانیمان لەڕێگەی سێ ژێردەریاوە بە قوڵایی 500 مەتر لەنێو ئاوەکە بەدوای تەرمی ئەو گەنجە کوردەدا بگەڕێن، بەڵام نەدۆزرایەوە، بەڵام 20ی ئەم مانگە تەرمەکەی لە کەناراوەکانی ئیتاڵیا سەرئاوکەوت.

لەگەرمیان 51 کەیسی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو تۆمارکراوە

خەبات/سەربە یوسف:

دوێنێ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە بۆ کەنالەکانی ڕاگەیاندن سازکرابوو، دەروون عمر؟ بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، ئامارو زانیاریی کارو چالاکییەکانی ساڵی 2018ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان بۆ ڕای گشتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن خستەڕوو، زانیاریەکانیش بەم شێوەیە پۆلێنکا کەخەبات ئامادەی بوو.

زانیاریەکان لەبواری پاراستنی مندالان و گەشەپێدان بە تواناکانیان:

یەکەم: ڕۆژی پالپشتی دەروونی و کۆمەلایەتی منداڵ و خێزان :ڕۆژەیەکە بۆ پاراستن و گەشەپێدانی بە توانای منداڵ و بەهاوکاری ڕێکخراوی یونسێف لە شارەکانی کەلار، کفری بەڕێوە دەچێت:


لەساڵی ڕابردوودا ژمارەی ئەو منداڵانەی سودمەندبوون لە هەردوو کەمپی قۆرەتوو و تازەدێ لەگەڵ هەردوو تیم موبایلی ناحیێ سەرقەڵا و کفری پڕۆژەکە لەسنوری ئیداری شارەکانی کەلار، کفری بەڕێوە دەچێت ئاماری منداڵانی سودمەند بریتییە لە 7440 منداڵی ئاوارە؟ لەگەڵ بەشداربوونی 2583 باوک و دایک لەخول و سیمنار و چالاکیەکانی تری پڕۆژەکەدا.

دووەم: منداڵانی سودمەند لەسەنتەرەکانی منداڵان.

لەهەریەک لەشارەکانی کەلار، کفری، خانەقین و ناحیێ ڕزگاری سەنتەری پاراستنی منداڵانمان هەیە ئەم سەنتەرانە تایبەتن بەلەخۆگرتنی منداڵان و خزمەتکردنیان لەبواره جیاوازەکاندا، ئاماری بەشداری منداڵان لەم سەنتەرانەدا بۆ ساڵی 2018 11098 منداڵان سود مەندبوون لەخزمەتگوزارییەکان. سێیەم: دایەنگەکان، بەهەمان شێوە لەشارەکانی کەلار، کفری، وە ناحیێ ڕزگاری سێ دایەنگەی حکومیمان هەیە، لەگەڵ سێ دایەنگە ئەهلی لەشاری کەلار ئاماری کۆتایی دایەنگەکانیش بریتییە لە 934 منداڵ لەماوەی ساڵی ڕابردوودا. چوارەم: شێلتەری داڵدەدانی ئافرەتانی هەرەشە لێکراو لەگەرمیان: ئەم شێلتەرە مانەوەی ئەو کەسانەی ڕووی تێدەکەن کاتییە ماوەکەی 72 کاتژمێرپییە لەماوەی ساڵی ڕابردوودا 51 کەیسی هەبوو.

پێنج: خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان: سودمەندانی تۆڕی پاراستنی کۆمەلایەتی گەرمیان بۆ ساڵی ڕابردوو 6965 کەس بوون.

پۆلیسی هەولێر: 6 تاوانبارمان بە چەکەوە دەستگیرکرد



بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە ڕووداوی ڕاگەیاند، ئەمشەو لە سێ شوێنی جیا شەش تاوانباریان دەستگیرکردوون، کە دوو لەوانە پێشتر لە سنووری ڕانیە ژێێکیان کوشتبوو. عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: ئەمشەو دووشەمە 2019/1/21 لە هەڵمەتێکدا هێزەکانمان شەش تاوانباریان لە سێ شوێنی جیاوازی هەولێر دەستگیرکرد، کە پێشتر تەقەیان لە خەڵکی کردبوو و هەڵیانکوتا بووە سەرمالان، دوو لەوانەش لە ڕانیە ژێێکیان کوشتبوو. بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر دەڵێت: دوو لەوانەی دەستگیرکراون لە هۆتێلێک لە نزیک پارکی شاری هەولێر بە تۆمەتی کوشتنی ژێێک لە سنووری ڕانیە دەستگیرکراون و هەردووکیشیان خەڵکی ئەو سنوورەن. سەبارەت بە چوار کەسەکەی دیکە، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئاماژە بەوە دەکات، کە دوو کەسی دیکە لە گەڕەکی ئازادی دەستگیرکراون و دووانەکەی دیکەشیان لە گەڕەکی باداوانی هەولێر دەستگیرکراون، کە پێشتر هەڕەشەیان لە خەڵک کردووە و تەقەشیان ئاراستەی مالان کردووە. بەگوتەی عەبدولخالق تەلعەت، هەر شەش کەسەکە پێشتر بە تۆمەتی جیا جیا بڕیاری دادگایان بۆ دەرچووە و تاوانبارن.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/1/23 ژمارە (5678)

ئەحمەد کانی: مامۆستایان لە شاخ و ئەمرۆش لە شار خزمەت بە زانست دەکەن



بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی دووپات لەوە دەکاتەوە هەموو هەوڵێک دەدرێت لەپێناو بەرەو پێشەوە بردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستان وەکو وڵاتانی پێشکەوتوو ،جەختیشی کردەوە لەوەی پێویستە پرۆسەی پەروەردەو خوێندن دوور بێ لە کاری بازرگانی.

ئێوارەی دوێنێ سێ شەممە 22 ی کانوونی دووەمی 2019 ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەڕێز لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەی مەراسیمێکی ڕێزلێنان بوو بۆ ئەو مامۆستایانەی بوونەتە سەرپەرشتیار کە لیژنەی ناوچەی ئاراس بە ئامادەبوون لە ڕۆژانی سەختی خەباتی شاخ و ئەمرۆشدا پشتیوانی دۆزی ڕەوای گەلەکەی خۆیان بن بە پێشخستنی زانست و پێگەیاندنی نەوەی بە توانا و شارەزا کە ڕۆڵیان لە بونیاتنان و ئاوەدانی و پێشوەچوونی کوردستان هەبووە.

ئەحمەد کانی لەگەڵ پیرۆزبایی کردنی لەو مامۆستایانەی کە دوای سالانێک لە خزمەتکردن پلەی سەرپەرشتیاریان پێ بەخشرا،داوای لە مامۆستایان کرد سوود لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرن لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، جەختیشی کردەوە لەوەی هەوڵ دەدرێ بڕێوی مامۆستایان بەشێوەیەک باش بکرێت کە پێویستیان بە خۆ ماندووکردنی زیاتر نەبێت لە وانەی تایبەت و قوتابخانەی ئەهلی.

موفەق پیرداود بەرپرسی لیژنەی ناوچە ڕێکی خستبوو. لە بەرایی مەراسیمەکەدا بەرپرسی لقی دوو ستایشی مامۆستایانی کرد کە توانیویانە پێگەیاندنی نەوەی بە توانا و دیموکراتی کوردستان ئامادەی مەراسیمێکی ڕێزلێنان بوو بۆ ئەو مامۆستایانەی بوونەتە سەرپەرشتیار کە لیژنەی ناوچەی ئاراس بە ئامادەبوون

ب تنێ 100 خێزانێن مەسیحیان ل شێخان ماینە
نێزیکی 40 خێزانێن ئاوارە ییێن مەسیحی ل قەزا شێخان دژین



نوونەرێ مەسیحیان ل شێخان راگەهاند، نها نێزیکی 40 خێزانێن ئاوارە ییێن مەسیحی ل قەزا شێخان دژین و هژمارا مەسیحیان ل سەنتەرێ قەزا شێخان ب ڕێژا 75%ل کێمیێ داینە.

ئەنویێە داوود، نوونەرێ مەسیحیان ل شێخان بۆ (باسنیوز) دیار کر، هەتا سالێن نۆتان ژی، زێدەتر ژ 400 خێزانێن مەسیحی دناڤا سەنتەرێ قەزا شێخان د دژیان، بەلێ هژمارەکا زۆر ژ وان بەرەف دەرڤەی وەلاتی کۆچکرینە کو هەتا نها ب ڕێژا 75%ژ خێزانێن مەسیحی ییێن بەری نها ل سەنتەرێ قەزا شێخان دژیان چوویە دەرڤەی وەلاتی و 36خێزانێن ئاوارە ییێن مەسیحی ل قەزا شێخان دژین و هەتا نها نەڤگەریاینە سەر مال و مولکێن خوە ل پارێزگەها مووسل.

عیراق بجهێتلاینە و ئەڤ خێزانە هەموو ژی ئەو بوون ییێن بەری نها ل موسل دژیان و قەستا هەرێما کوردستانێ کربوون.

ئاشکرا ژی کر کو نها ب تنێ 100 خێزانێن مەسیحی ل ناڤا سەنتەرێ قەزا شێخان دا دژین و زێدەتر ژ 300 خێزانان کۆچکرینە دەرڤەی وەلاتی و 36خێزانێن ئاوارە ییێن مەسیحی ل قەزا شێخان دژین و هەتا نها نەڤگەریاینە سەر مال و مولکێن خوە ل پارێزگەها مووسل.

سوپاس و پێزانین

بەرێزان جەماوەری کوردستان، سەرکردە و بەرپرسانی حکومەت و پەرلەمان، مەکتەبی سیاسی و حزبە شورش گێرەکان، ڕۆشنبیران، هونەرمەندان، دکتۆر و کارمەندانی تەندروستی. خزمان و دۆستان.

هونەرمەند و نوسەر و دەرهێنەری گەورەی شانۆ خوالێخۆش بوو تەلەعەت سامان مرۆڤێکی کوردستانی بوو .....خۆشەویستی بەرامبەر بەهەموو خەلک و حزبەکانی کوردستان لە یەک مەودا ڕاگرتبوو . هەموو سەرکردە و پێشمەرگە و ئەندامانی حزبە شۆرشگێرەکانی کوردستانی بە یەک پێوانە خۆش دەویست و هەڵوێستە نیشتمان پەروەریەکانی بەرز دەنرخاند.

هەر ئەو هەڵوێستەی بەڕێزیشیان بوو کە لەو کۆستە گەورەیە هاتە ڕێمان هەموو لایەک هاوخەمان بن و بەشداری بەرفراوانی هەموو لایەک لە پرسەکەی ئازاری گەورەی کارەساتەکەی لە سەر دڵی ئێمە سووک کرد. بە ناوی خۆم و بنەماڵەی خوا لێخۆشبوو مامۆستا تەلعەت سامان سوپاستان دەکەم، پەیامنیش بە خوالێخۆش بوو دەدەین شوێن پێ هەڵگری ڕێبازەکەی ئەو بین خودا لە مردووی هەموومان خۆشبێ.

د هەرمان تەلعەت سامان
لەجیاتی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو.

***

بەناوی بنەماڵەی هەڤاڵ (سۆران ئەدیب قەرەداغی) سوپاسمان ئاراستەی خزم و کەسوکار و پیاوماقوڵان، بارەگای بارزانی، مەکتەبی سیاسی، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی سلێمانی، کەرکووک، هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی سیاسی ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمان کوردستان، سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، یەکە ئیداریەکانی پارێزگای سلێمانی، فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، کەسایەتی کۆمەڵایەتی و پیاوماقوڵانی ناوچەکانی قەرەداغ، گەرمیان، سەنگاو، شارباژێر، هەورامان، شارەزوور، هەموو ئەوانەی هاوکارمان بوون کە لە پرسەو بەخاکسپاردنی کاکە سۆرانی جوانەمەرگ، لە خوای گەورە داواکارین پاداشتی خێر هەموو لایەک بداتەوە.

ئەدیب قەرەداغی
لە جیاتی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو

سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کەرکوک-گەرمیان دوو تاوانباری بە حوکمی هەتاهەتایی سزا دا



خەبات / سەبریە یوسف: لە چوارچێوەی هەڵمەتە بەردەوامەکانی هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان سەبارەت بە پاراستنی سەرو گیانی هاوڵاتیان و پاراستنی سنوورەکە لە هەر دیاردەیەکی نەخوازراو و دەستگیرکردنی تاوانباران و ڕوو بەڕووکردنەوەیان بە دادگا.

لە بەیتی ڕاگەیەنراوێکی ئاسایشی گەرمیان کەوێنەیەکی بەخەبات دراوە ،هاتووە پاش ئەوەی لە چەند مانگی ڕابردوودا لە لایەن باندێکی نەناسراوەوە لە سنووری گەرمیان ڕێگری لە چەند هاوڵاتییەک کرابوو و پاش ئەشکەنجە و نازاردان و بەستنەوەیان ئۆتۆمبیلەکەیان دزیبوون، بردنی ئۆتۆمبیلەکان بۆ سنووری ڕانیە و قەڵادزێ بەمەبەستی فرۆشتنیان، دەستبەجێ هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان دەستیان بە لێکۆڵینەوە بەدواداچوونی وورد کردو سەرەنجام توانرا لە مانگی9ی 2018 دوو تاوانبار بەناوەکانی نیهاد ئەبو بەکر حەمە کەریم لە دایک بووی 1990 دانیشتووی گەڕەکی ئیمام محەمەد سەر بە قەزای کفری + سیروان عەلی کاکە حەمە لە دایک بووی 1989و دانیشتووی گەڕەکی ئاوارەکانی قەزای کەلار دەستگیر بکرێن و ڕووبەڕووی دادگا و یاسا بکرێنەوە. لەڕاگەیەنراوەکەدا ئەوەش هاتووە پاش چەندین دانیشتنی دادگا و خستنە ڕووی تەواوی بەڵگەکان و دانپێدانانی تاوانبارانی ناوبراو بە تاوانەکانیاندا. ،سەرەنجام ڕۆژی 21/1/2019لە لایەن سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کەرکووک/گەرمیان بە پێی مادەی441ی س، بە حوکمی هەتا هەتایی سزادران و ئەو ئۆتۆمبیلانەی دزرابوون ڕادەستی خاوەنەکانیان کرانەوە. لەدوا بەشی ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە دواتر هەردوو تاوانبار بۆ بەرسەربردنی ماوەی سزاکەیان ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی کران.

یەکێتیی مامۆستایان: قوتابییە ئاوارەکان لە ئێستادا ناتوانن بگەڕێنەوە ناوچەکانیان



سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دەڵێ، ئەگەر حکوومەتی عێراق مووچەی مامۆستایانی عەرەب بپرێت، قوتابییە ئاوارەکان بێبەش دەکرێن لە خوێندن، چونکە بەو دۆخەی ئێستای ناوچەکەیان، ناتوانن بگەڕێنەوە. حکوومەتی عێراق دوایین مۆڵەتی داوەتە مامۆستایانی عەرەب لە هەرێمی کوردستان، کە لە قوتابخانەی ئاوارەکان وانە دەڵێنەوە و ئەگەر تاوەکو 30ی ئەم مانگە نەگەڕێنەوە، مووچەکەیان دەبڕن، کە مامۆستاکانیش خەڵکی هەر سێ پارێزگای مووسڵ، ئەنبار و سەڵاحەددین و زیاتر لە چوار دیموکراتی کوردستان ئاگایان لەوە هەیە کە ئەگەر حکوومەتی عێراق مووچەی ئەو مامۆستایانە ببڕێت، قوتابییە ئاوارەکان بێبەش دەبن لە خوێندن، چونکە ئەمە ڕێگاچارە نییە حکوومەتی عێراق گرتوویەتییە بەر و پێویستە سەرەتا ئەمنییەت لە ناوچەکانیان هەبێت و خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکات، بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە و بەو جۆرە زۆر ئەستەمە بگەڕێنەوە. گوتیشی، حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیچ لاریەکی نییە لەوەی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان هێنناوە و هەر چی لە توانایشیدا بێت هاوکاریان دەکات.

هەرێمیش تاوەکو ئێستا 5 هەزار ئاوارە جارێکی دیکە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە. ئەحمەد گەرمیانی، سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی مامۆستایانی زانکۆ. بۆ ئەم مەبەستەش سەنتەری تۆێژینەوەی زانکۆی سەلاحەدین ڕاسپێردرا بۆ چۆنیەتی دروستکردن و بەردوام بە پەیوەندییە ئەکادیمییەکانی لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی عێراق و بەتایبەتی لەگەڵ سەنتەری تۆێژینەوە و پێشخستنی پیشەسازی بەغدا و چۆنییەتی سوود وەرگرتن لە تۆێژینەوەی ئامادەیی زانکۆی سەلاحەدینی نیشاندا بۆ هەماهەنگی و کارئاسانی بۆ هەر جۆرە چالاکییەکی زانستی و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و پتەوکردنی پەیوەندی نێوانیان بەتایبەتی لەگەڵ سەنتەری تۆێژینەوە و پێشخستنی پیشەسازی عێراق و بەتایبەتی لەگەڵ سەنتەری تۆێژینەوە و پێشخستنی پیشەسازی بەغدا.

زیاتر لە 1000 حاڵەتی نوێی شێرپەنجە لە دهۆک تۆمار کراوە

بەڕێوەبەری هۆبەی شێرپەنجە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پارێزگای دهۆک، مودیرکا محەمەد سالح ڕایگەیاند لە میانی 11 مانگدا، هەزار و 45حاڵەتی نوێی شێرپەنجە لە سەرتاسەری پارێزگای دهۆک بە ئاوارە و پەنابەرانیشتەوە هەزار و 45 حاڵەتی نوێی شێرپەنجە تۆمارکراوە، لەم حاڵەتە نوێیانە 541حاڵەت لە ئافرەت و 504 لە پیاوان تۆمارکراون. گوتیشی: ئەو حاڵەتە شێرپەنجانەی تۆمار کراون جۆراوجۆرن، بەڵام شێرپەنجەی

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پارێزگای دهۆک، لە لێدوانێکدا گوتی: لە میانی 11مانگدا لە سەرتاسەری پارێزگای دهۆک بە ئاوارە و پەنابەرانیشتەوە هەزار و 45 حاڵەتی نوێی شێرپەنجە تۆمارکراوە، لەم حاڵەتە نوێیانە 541حاڵەت لە ئافرەت و 504 لە پیاوان تۆمارکراون. گوتیشی: ئەو حاڵەتە شێرپەنجانەی تۆمار کراون جۆراوجۆرن، بەڵام شێرپەنجەی

سۆران... دەست بەسەر بڕێکی زۆر کاڵا و خۆراکی ماوە بەسەرچووەدا گیرا



لە شاری سۆران بڕێکی زۆر خواردەمەنی و کاڵای ماوەبەسەر چوو دەستیان بەسەردا گیرا و فرۆشگەیەک داخرا بە مەبەستی لێپێچینەوەی یاسایی چەند کەسێکیش بانگهێشتی لیژنە کران. بەرپرسی لیژنەی ئابووریی قایمقامیەتی شاری سۆران، بە باسنیوزی ڕاگەیاند، لە دریژەی کار و چالاکییەکانماندا لەپێناو نەهێشتنی خواردەمەنی و کاڵای نەشیاو و ماوە بەسەرچوو، دوێنێ 2019/1/22 لە هەڵمەتێکدا بۆ دووکان و چەند شوێنێکی شاری سۆران، کە پێکهاتبوون لە فرۆشگەکان و سەمونخانەکانی سۆران، لە ئەنجامدا دەست بەسەر بڕێکی زۆری کاڵا و خواردەمەنیی ماوەبەسەرچوودا گیرا، فرۆشگەیەکیش داخرا و بەهۆی بوونی بڕێکی زۆری کەلوپەلی ماوەبەسەرچوو، هەروەها ڕێنماییەکانی لیژنەمان بە چەند خاوەن دووکانێکدا ماوەی یەک هەفتە مۆڵەتمان پێدان بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان و چەند خاوەن دووکانێکیش بانگهێشتی لیژنە کران بەمەبەستی سزادان بەپێی یاسا.

مەمک لە ئافرەتان کە ڕێژەکەی لە هەموویان زیاتر بوو 176 حاڵەتی لێ تۆمارکراوە و شێرپەنجەی سیپەکان لە پیاوان کە دووەم ئاستە 97حاڵەت تۆمار کراوە. هەروەها لەبارەی ئاماری گشتی شێرپەنجە لە سنووری پارێزگای دهۆک دەڵێت کۆی گشتی ئامارەکانی شێرپەنجە لە سنووری پارێزگای دهۆک بە ئاوارە و پەنابەرانیشەوە بریتییە لە هەزار و 152 حاڵەت.

بەرپرسی لیژنەی ئابووریی قایمقامیەتی شاری سۆران، گوتیشی، مەبەست لە پشکنین و چاودێری و بەدواداچوونەکانی قایمقامیەتی سۆران، لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی و پاراستنی تەندروستیی هاوڵاتییانە، هەر شوێنێک بە ڕێنماییەکانەوە پابەند نەبێ، ڕێکاری یاسایی بەرامبەر خاوەنەکانیان دەگیرێتەبەر، هەروەها بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو سکاڵایانە دەکرێت، کە ڕۆژانە ئاراستەی لیژنەکانی قایمقامیەت دەکرێن.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

1- JOB TITLE: Budget & Contracts Compliance Advisor

JOB SUMMARY

Provide efficient and effective budget and contract compliance support to all departments ensuring that narrative and financial reports are prepared according to shareholder requirements, that projects are properly budgeted for and reported on and that contractual requirements are met.

KEY RESPONSIBILITIES

- Work collaboratively with departmental managers to ensure effective cost control throughout the organization
- Monitoring of contracts and ensuring full compliance with TAQA requirements

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Batchelor's degree or equivalent in Business Administration from an accredited college or university. Qualifyng work may be substituted for educational requirements on a year for year basis at the discretion of the company.
- Minimum of five years experience in senior management roles with responsibility for capital and operational budgets and contract compliance
- Minimum of ten years experience in business administration
- Experience of managing projects and project accounting processes involving more than one partner to strict funding criteria and on the ground outcomes

NOTE:

- These positions will remain open until one week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Drilling Materials and Logistic Supervisor

LOCATION: Field

JOB SUMMARY: The purpose of this role is to provide Support to the Drilling Department and manage all Drilling Materials (receiving / Issuing / returning materials in stock) and ensuring that the correct procedures are followed. The scope includes warehouse operations management, inventory management, receiving asset management, disposal of goods, freight & local logistics operations. The Drilling Materials & Logistics Coordinator will also provide support to dispatching any Project / Production Materials to the Atrush Warehouse whenever required.

KEY RESPONSIBILITIES

- Physical Receipt of Materials & Equipment as per Materials Management Procedures.
- Distributing on a weekly basis the Drilling Current Stock & Good Receiving Notes Report
- Utilize Oracle Procurement to check status of requisitions, download attachments such as Packing list, emails correspondences, investigate if required
- Communicate with vendors regarding Taqa Journey Management Requirements (provide access request and route documents as required)
- Organizing local freight movement – logistics coordination the best economical way.
- Working closely with Drilling Cost Engineer and provide required information if required.
- Provide process engineering input to assist in the creation of work scopes for process related studies (e.g., conceptual, feasibility, etc.)

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- High School Graduate (hold an Associate or Bachelor degree preferred but not mandatory)
- Minimum of 6 years' experience in a similar role is required
- Good Knowledge of Drilling materials & of Procurement procedures

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Maintenance Superintendent

LOCATION: Field

JOB SUMMARY: The main purpose of the Maintenance Superintendent is to ensure that the planning and implementation of maintenance activities are in place. The availability of the facility equipment will be dependent on the correct coordination of planned and unplanned works.
The incumbent must ensure that all aspects of equipment's specific maintenance requirements are understood. Ensure best available practice are adopted to support production uptime through equipment reliability, for example through; condition monitoring, risk based assessment, root cause analysis and preventative / corrective maintenance routines that are carried out effectively and efficiently through supervision and control.

KEY RESPONSIBILITIES

- Ensure efficient maintenance procedures in place for plant systems, utility systems and camp facilities, having due regard for Health and Safety, including the design of installation
- Ensure full compliance with PTW system and all associated safe control of work processes.
- Demonstrate through exercises &scenarios, knowledge & awareness of emergency response
- The Maintenance Superintendent will exhibit exemplary leadership, managerial and safety
- Report concisely in accordance with MS requirements with due regard for document control
- Initiate MoC requests and ensure change management procedures are applied appropriately
- Support root cause analysis as part of Production Loss Management System.
- Manage the workload for safe execution of maintenance and repairs on Production, Process,

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Preferably HND or Degree, or equivalent, in appropriate engineering subject
- 10 years minimum as Maintenance Superintendent within Oil & Gas production
- Experience with Gas Turbine Power Generations, Integrated ICCS/ESD/Fire & Gas facilities and semi complex upstream or/and downstream process plants

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

Senior Architect Vacancy

Senior Architect requested with 12-15 years of good experience in the Construction Field, professional in AutoCAD and fluent in both English and Arabic languages (reading and writing) for our construction company.

:Job Description and Responsibility

- Building Details, Specification & Curtain Wall Execution
- Coordination between Disciplines (Architecture, Civil & MEP)
- As Built Drawings (Plans + Elevations)
- Quality Control Follow Up for Construction Activities
- Preparing Contracts with Sub- Consultant in coordination with Owner Representative Office.
- Invoices Checking.

Salary will be provided as per qualification & work experience.
Kindly send your resume to cv-admin@ngc-uk.com

Project Manager Vacancy

Project Manager requested with minimum 15 years of good experience in the construction field in Buildings and Tower Buildings projects as well as fluent in English and Arabic languages (reading and writing) for our construction company.

:Job description and responsibility

- Plans and schedule timeline
- Report presentations for the progress of work
- Defining project progress, problems and solutions
- Quality Assurance, documentation control supervision
- Project budget in coordination with owner representative office
- Preparing contracts with sub-contractors including BOQ and specifications as per general project specs and schedule of finishing.
- Coordination between all disciplines (Civil, Architecture and MEP).

Salary will be provided as per qualification & work experience.
Kindly send your resume to cv-admin@ngc-uk.com

وون بوون

ناسنامەی پەیانگای نۆیل تایبەت بەشی دەرمان سازی بەناوی محمد نازاد عبداللە وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٣٧٤٩٩ بەرواری ٢٠١٨/٧/١٨ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ دینار بەناوی نجم الدین ابراهیم سلیمان وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای سنگر فارس نوری جۆری ئۆتۆمبێل: نیسان قیرسا ٤ بستن رەنگ سۆر مۆدێل ٢٠١٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٤٢٩٢٨ کاتی هەولێر ژمارەی شاسی: 3N1CE2CP1HL359966 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٢ هەولێر ژمارەی ٢٥٦٣٩٣ لەبەرواری ٢٠١٣/٤/٤ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی فارس یاسین کریم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المدعو : سعدون مجو سليمان

للطلب المقدم من قبل المستدعيه (ليلى حسن حجي) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / علي حسن كريبان

***

محكمة بداءة تلكيف

العدد/١٠/ب/٢٠١٧

التاريخ/٢٠١٩/١/١٦

اعلان تبليغ

الى المدعى عليه (عصام حازم سلو) الساكن موصل حي البلديات سابقا ومجهول محل الاقامة حاليا

قدم المدعى (جلال اسود خلف)الدعوى البدائية المرقمة اعلاه والذي يطلب فيها اصدار الحكم بالزامك بالتكافل والتضامن مع بقية المدعى عليهم بمبلغ قدره مليون ومائة واثنا عشر الف وخمسمائة دولار ولثبوت مجهولية محل اقامتك حسب كتاب رئاسة محكمة استئناف نينوى الاتحادية /التبليغات القضائية بالعدد (٦٧) تاريخ ٢٠١٩/١/١٣ واشعار مختار المنطقة حي البلديات (محمد عبدالمجيد احمد) عليه تقرر تبليغك بصحفتين يوميتين محليتين بالحضور امام محكمة بداءة تلكيف في موعد المرافعة المصادف ٢٠١٩/١/٢٨ الساعة العاشرة صباحا وفي حالة عدم حضورك او ارسال من ينوب عنك قانونا وفسوف تجري المرافعة بحقك غيابيا وعلنا حسب الاصول

القاضي /غانم محمد سلطان

***

محكمة بداءة تلكيف

العدد/١٠/ب/٢٠١٧

التاريخ/٢٠١٩/١/١٦

اعلان تبليغ

الى المدعى عليهم ورثة المدعو (محمد رضا احمد سلو) كل من (ابراهيم ومحمود وعمر وراويه ومي اولاد (محمد رضا احمد سلو) وزوجته المدعوه (مروة هاشم عبدالفتاح) الساكنين موصل حي الجوسق سابقا ومجهولين محل الاقامة حاليا

قدم المدعى (جلال اسود خلف)الدعوى البدائية المرقمة اعلاه والذي يطلب فيها اصدار الحكم بالزامكم بالتكافل والتضامن مع بقية المدعى عليهم بمبلغ قدره مليون ومائة واثنا عشر الف وخمسمائة دولار ولثبوت مجهولية محل اقامتكم حسب كتاب رئاسة محكمة استئناف نينوى الاتحادية /التبليغات القضائية بالعدد (١٢) تاريخ ٢٠١٩/١/٧ واشعار مختار المنطقة حي الجوسق (جمال محمد شيت الطائي) عليه تقرر تبليغكم بصحفتين يوميتين محليتين بالحضور امام محكمة بداءة تلكيف في موعد المرافعة المصادف ٢٠١٩/١/٢٨ الساعة العاشرة صباحا وفي حالة عدم حضوركم او ارسال من ينوب عنكم قانونا وفسوف تجري المرافعة بحقكم غيابيا وعلنا حسب الاصول

القاضي /غانم محمد سلطان

***

دادگای بەرایی هەولێر

ژمارەی داوا:١٧/ب/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١/٢٢

جارِدان

بۆ داوالێکراو (حکمت راضی حامد) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (دلاوەر مصطفی عثمان) داوای ژمارە ١٧/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە کەتیایدا داوای (٣٣٥٠٠٠٠) سێ ملیۆن و سێ سەدو پەنجا هەزار دیناری عیراقی) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (بیتواتەی تازە) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت رابگەیەنرێت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لەدادبینی رۆژی (٢٠١٩/٢/١١) کاتژمێر (٩:٠٠) ی سەرلەبەیانی وە بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ نیگار احمد محمد

***

دادگای بەرایی هەولێر/٦

ژمارە/ ٢٨٤٩/ب/٢٠١٨

رێکەوت: ٢٠١٩/١/٩

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (کاروان محمد عبدالله)

داواکار (تەنکە سعید عبداللە) داوای ژمارە (٢٨٤٩/ب/٢٠١٨)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەر (کاروان محمد عبداللە) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی ئاشعاری مختاری (هەولێر گەرەکی ئازادی لە ناحیەی بەحرکە) لە ٢٠١٨/١١/٢٥ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت بەداوای (نۆژدە و تێکهەلکێش) لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٢/٥) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ حسین علی محمد

***

دادگای بەرایی هەولێر/٦

ژمارە: ٨٥٣/ب/٢٠١٨

رێکەوت: ٢٠١٩/١/١٧

پێراگەیاندن

بۆ/ داوالێکراو (هیمن کاوە عمر)

داواکار (رشوان رمضان صالح) داوای ژمارە (٨٥٣/ب/٢٠١٨)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (هێمن کاوە عمر) ئەم دادگایە لە دادبینی رۆژی ٢٠١٩/١/١٦ بریاری دا بەپابەندکردنت بەدانی برە پارەی ١٦٠٠٠ شانزە هەزار دۆلاری امریکی بەرامبەر بە (١٩٣٤٤٠٠٠) نۆزدە ملیۆن و سێ سەدو چل و چوار هەزار دیناری عیراقی لەگەڵ خستنە ئەستۆی تێچووی داوا، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئاشعاری مختاری (هەڵەبجە/ گەرەکی پاشا) لە ٢٠١٨/٩/٩ بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێ راگەیاندنت وە ئێوە مافی نارەزایی (اعتراض) وە (تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوەتان هەیە لە ماوەی ٣٠ سی رۆژ لە بریاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبرو کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر/ حسین علی محمد

***

سەرۆکایەتی شارەوانی چوارقورنە

یاسا/ بەکرێدان

ژمارە:١٧٣

رێکەوت: ٢٠١٩/١/١٦

ئاگاداری

سەرۆکایەتی شارەوانی چوارقورنە ئاگاداری سەرجەم هاوواڵتیانی شارۆچکەی چوارقورنە و دەوروبەری دەکات کە شارەوانیمان هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی زیادکردنی ئاشکرا بۆ مەبەستی بەکرێدانی پرۆژەی (بازاڕی هاوچەرخ) مواڵکی ژمارە(٧/٥٧٥٢) کەرتی ٤٢ی ئەستریلان بە رووبەری (١٨٥٢) مەتردوجا، بەپێی یاسای (٣٢)ی ساڵی (١٩٨٦) بە شێوەی مزایدەی بۆماوەی (٢٠)ساڵ، بۆیە هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە (١٥)پانزە رۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی لە بینای سەرۆکایەتی شارەوانی چوارقورنە لەنا کۆمەڵگای فەرمانگەکان ئامادەبێت وە بارمتەی یاسایی ٢٠٪ی نرخی خەمڵێنراو لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت.

ئەندازیار/ محمد دڵشاد شکرالله

ل.سەرۆکی شارەوانی چوارقورنە

***

(ئاگاداری)

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێدانی رووبەری (١١٧)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٤٥) ک(٢٦) بێخاڵ بۆ دروستکردنی (دووکان لەسەر موتیل) بۆ ماوەی (١٥) ساڵ بە زیادکردنی ئاشکرا بە پێ ی یاسای ژمارە ٣٢ سالی ١٩٨٦ ، جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە دەستوان پێ ی ئاگادارکردنەوەی ئەم بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠)ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بڕی پارەی خەملێنراو ، گشت خەرجیەکانی بەکرێدانیش لە ئەستۆی کرێچیە .

د.کمال طیب قادر

بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر

ژمارە: ١٦٣/ج/٢٧٦

رێکەوت: ٢٠١٩/١/١٣

بۆ قەرزار/خسرو فیض الله الماس

لەبەر نەزانین ونادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، بۆیە بەپێی ماددەی(٢٧) لەیاسای جێبەجێکردن بڕیاریدرا لەرێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی ١٥ رۆژ لەرۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئامادە بیت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێبەجێکردنی دانەوەی قەرزی (بڕێوی رابردوو و بەردەوام) کە بری قستەی رابردوو ٢,٨٨٥,٠٠٠ دینارە.

جێبەجێکاری داد/محمد سلیمان علی

***

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەی ناوچەی هەولێر

دادگای باری کەسیەتی کۆیە

ژمارە: ١٢/ش/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١/٢٠

ئاگانامە

بۆ/ داوالێکراو(راسان دلشاد حسن) دانیشتووی کۆیە/ جمعیە بەدڵام نیستا شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە.

داواکار(ریفین حمد طاهر علی) داوای ژمارە(١٣/ش/٢٠١٩)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای بژێوی کچەکەی (ئینێ) دەکات وەلەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەگوێرەی زانیاری ئەنجومەنی شارەوانی کۆیە، وەرونکردنەوەی ئاگادارکردنەوەی دادی لەم دادگایە وەپشت بەستن بەمادەی (٢١) لە یاسای دادبینی دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەناوەڕۆکی ئەم داوایە لەرێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لە دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە بۆ ئەوەی لەوادەی دادبینی رێکەوتی (٢٠١٩/٢/١٧) لەم دادگایە ئامادەبێت خۆت یان بریکاری یاسایت بە پێچەوانەوە دادگا داوایەکە یەکلایی دەکاتەوە بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ شوان صابر اسعد

***

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەی ناوچەی هەولێر

دادگای باری کەسیەتی کۆیە

ژمارە: ١٣/ش/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١/٢٠

ئاگانامە

بۆ/ داوالێکراو(راسان دلشاد حسن) دانیشتووی شاری کۆیە/ جمعیە بەدڵام نیستا شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە.

داواکار(ریفین حمد طاهر علی) داوای ژمارە(١٣/ش/٢٠١٩)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای بژێوی کچەکەی (ئینێ) دەکات وەلەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەگوێرەی زانیاری ئەنجومەنی شارەوانی کۆیە، وەرونکردنەوەی ئاگادارکردنەوەی دادی لەم دادگایە وەپشت بەستن بەمادەی (٢١) لە یاسای دادبینی دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەناوەڕۆکی ئەم داوایە لەرێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لە دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە بۆ ئەوەی لەوادەی دادبینی رێکەوتی (٢٠١٩/٢/١٧) لەم دادگایە ئامادەبێت خۆت یان بریکاری یاسایت بە پێچەوانەوە دادگا داوایەکە یەکلایی دەکاتەوە بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ شوان صابر اسعد

***

دادگای مادەکان دهوك

ژمارە/ ٥٨/م/٢٠١٨

رێکەفت/ ٢٠١٩/١/٢١

راگەهاندن ب بریاری با شملیی

بۆ داوالێکراو (فوزی بدل عرب) بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل رۆژا ٢٠١٩/١/٢١ دناف بەرا تە دا وداواکار (عالیە صالح عرب) وتە مافێ نەرازیبونێ ل سەر بریارێ هەیە دەمێ دە رۆژا ژ رۆژا بەلافکرنا رۆژنامێ وبەرۆڤاژی دێ بریار دوماهیك نێت دەرهەقێ تەدا

دادوەر / شکر سلطان عدو

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی خانووبەرە

رێڤەبەریا تومارکرنا خانووبەرە ل زاخو

ئاگاداری

بریاری چەسپاندنی خاوەندارییەتی سەرلەنوێ

بشت بە چەسپابوونی خاوەندارییەتی تەواوی خانووبەرە ژمارە (١/١٠٨٠) کەرتی (١٤ عباسیە) بە ناوی داواکار تومارکردن (الورثە) بە پێ ی بریار چەسپاندنی خاوەندارییەتی لە رۆژی ٢٠١٩/١/٢١ کە لەم فەرمانگایە دەڕچوویە ، لەبەر ئەوە ئێمە ئەم بریارە دەدەینە ئاگادارکردن ئنجا هەر کەسێ پەیوەندییێك بەم خانووبەرە یە هەبیت داوای خوی پێشکێشی دادگای پەیوەندیدار بکات لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداری یەوە ، دوای تەواوبونی ماوەیە بە پێی و دیاربوونی هیچ ئاگادارییێك لە دادگا بە پێشکێشکردنی داواییێك لەو ماوەی دیارکراو ئەم فەرمانگایە دەست بە تومارکردنی دەکات بە پێ ی فەرمانی چەسپاندنی خاوەندارییەتی.

١- عائشە أحمد ملا ٢- سربست علاءالدین محمد ٣- نوزاد علاءالدین محمد ٤- شیرزاد علاءالدین محمد ٥- ریزان علاءالدین محمد ٦- خولە علاءالدین محمد ٧- مهابات علاءالدین محمد ٨- شاهی علاءالدین محمد ٩- سیران علاءالدین محمد

دادوەر/ أحمد حسن خلف

سەرۆکێ لیژنەی چەسپاندن

خاوەندارییەتی لە زاخو

***

سەرۆکاتیا باژێرڤانیا زاخو

ژمێریاری/بوودجە

ژمارە/٣٠١/٢/٢/ ٣٨٢

رێکەفت/٢٠١٩/١/٢٢

ئاگەهداری

ڤیراکەهشتن بنڤیسارا مە یا ژمارە (١٢٣٢) ل ٢٠١٨/٣/١٩ لپەی بەندێن مادا نەهێ برگە (٣) ژیاسا کرین و فرۆتنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ سالا ١٩٨٦ سەرۆکاتیا باژێرڤانیا زاخو رادگەهینت ژبو فرۆتنا (١٤) پارچێن ئەردی کو ژمارە رووبەرێ وان لخوارێ دیارکری کوهاتینە جودا کرن ژ پارچا ژمارە (٢١٥٠/٢) کەرتی ١٢ رکاوە ژبو مەرەما قەرەبووکرنا هاولاتیین مولکێن وان دکڤنە بەر پروژین باژێرڤانیێ و ئوڤرە پاصێ. ئەڤجا کەسێ بڤێت بەشداریێ د سەرێنێك زێدەکرنا ناشکرا دا بکەت پێتڤێ یە داخوازێن خو پشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو بکەت لگەل دابینکرنێن دەستپێکی (تامینات اولیە) ب برێ (٢٠٪) ژ بەرامبەریا پێشکێش کری (البدل المقدر) د ماوێ (١٥) روژا دا هەر ژ بەروارا بەلافکرنا ئاگەهداریێ د روژناما فەرمی دا و سەرێنێك زێدەکرن دێ ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو هێتە کرن پشتی بداوی هاتنا ماوێ بەلافکرنێ و هەرکەسێ سەرێنێك زێدەکرن بگەهتێ دێ کریێن بەلافکرنێ و ئاگەهداریێ و گشت خەرجا سەرەدەرکت.

١- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٤٠٨٩/٢ /١٢ رکاوە رووبەر/ ٢٥٦,١٠م٢

٢- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٤٠٩٠/٢ /١٢ رکاوە رووبەر/ ٢٥٤,١٠م٢

٣- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٤٠٩١/٢ /١٢ رکاوە رووبەر/ ٢٥٠م٢

٤- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٤٠٩٢/٢ /١٢ رکاوە رووبەر/ ٢٥٠م٢

٥- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٤٠٩٣/٢ /١٢ رکاوە رووبەر/ ٢٥٠م٢

٦- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٤٠٩٤/٢ /١٢ رکاوە رووبەر/ ٢٥٠م٢

٧- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٤٠٩٥/٢ /١٢ رکاوە رووبەر/ ٢٥٠م٢

٨- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٤٠٩٦/٢ /١٢ رکاوە رووبەر/ ٢٥٠م٢

٩- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٤٠٩٧/٢ /١٢ رکاوە رووبەر/ ٢٥٠م٢

١٠- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٤٠٩٨/٢ /١٢ رکاوە رووبەر/ ٢٥٠م٢

١١- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٤٠٩٩/٢ /١٢ رکاوە رووبەر/ ٢٥٠م٢

١٢- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٤١٠٠/٢ /١٢ رکاوە رووبەر/ ٢٥٠م٢

١٣- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٤١٠١/٢ /١٢ رکاوە رووبەر/ ٢٥٤,١٠م٢

١٤- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٤١٠٢/٢ /١٢ رکاوە رووبەر/ ٢٥٤,١٠م٢

ئەندازیار/ بشار منیب محمود

سەرۆکی باژێرڤانیا زاخو

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی رووبەری (٥٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (١١١/١٣) ک (١٠٢) زاویتە/ دهۆك، بەمەبەستی دروست کردنی (کۆشکی گەشت و گوزار) بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو رێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە دهۆك بدات لە ماوەی (٣٠) رۆژ کە دەست پێ دەکات لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

د. کمال طیب قادر

بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٤٤١

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/٢١

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا تاك

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (نشوان خلیل محمد) بۆ (بازرگانی گشتی- هاوردە و هەناردە/ تاك) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١/٢١

ئاراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٤٤٦

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/٢١

بڕیار

ئاماژە بەناوەڕۆکی بریاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Orbis co.Ltd) بۆ دروستکردن و فرۆشتنی ئامێر و سیستەمی کۆنترۆل کردنی ئۆتۆماتیك بەکۆ)، ڕاستێندراوە لە کونسلخانەی عێراق لە وڵاتی (کوریا) لەڕێکەوتی (٢٠١٨/١٢/٣) تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا، وە دانانی بەڕێز (یاسین عبداللە قادر) وەك پاکتاو

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوم پەسندکرد پاڵپشت بە مادەی ١٥ لەسیستەمی ژمارە ٥ ساڵی ١٩٨٩.

ئاراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون پشکنین

ژمارە: ٤٧٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/٢٢

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای العساف) بۆ بەڵێندەرایەتی و گواستنەوەو بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١/١٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (نظمی خالد حسین) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/١/٢٢

ئاراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە لقی کۆمپانیای (Orbis co.Ltd) بۆ دروستکردن و فرۆشتنی ئامێر و سیستەمی کۆنترۆل کردنی ئۆتۆماتیك بەکۆ/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر- شەقامی شۆرش)

پاکتاوکار/ یاسین عبدالله قادر

ناونیشان/ هەولێر

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٧٥٩٥٢

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (العساف) بۆ بەڵێندەرایەتی و گواستنەوەو بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای دهۆك)

پاکتاوکار/ پارێزەر/ نظمی خالد حسین

ناونیشان/ دهۆك- ماسیك

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٧٧٦٧٢

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (هەریاد) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی بەروبوومی ئاژەڵی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ محمد سعید علی

ناونیشان/ هەولێر- برج عداله

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٤٤٢٥٧

ئایا ژنان توانای کاری سیاسی و فیکرییان هەیە..؟

توێژینەوەیەکی تایبەت سەبارەت بە بیردۆزی ژنانەی سیاسەت



ئا: سەردار حوسێن

ئەم باسە تایبەتییە، سەبارەت بە بیردۆزەی ژنانە لەبارەی پرسیارێکی چڕ و تۆکمە، کە ئایا ئافرەت چی دەوێت وەک شایستەییەک بۆ خۆی؟ ئایا دەتوانرێت ئەوەی بیرمەند و چالاکوانە ئافرەتەکان لە کۆتایی سەدەی هەژدەمینەوە بەرهەمیان هێناوە، وەک پێناسەیەک لە چوارچێوەی ئەو مافەدا باس بکرێت؟ بەو پێیەی کە بیردۆزێک یان چەند بیردۆزێکی سیاسین؟ ئەگەر لەسەر ئەوە ڕێککەوتین ئەو بنەما ئەبستمۆلۆژییە چییە، کە ئەو بیرمەندانە بیردۆزەکانیان لەسەر بیناکردووە.؟ ئایا دەتوانین بڵێین پاشکۆیەتی و تووندوتیژی وای لە (بیرمەندەکانیان) کردووە، کارە هزریی و چالاکییەکانیان لەسەری بینا بکەن؟ چۆن دەتوانین لەسەر وەڵامی ئەو پرسیارانە بنەمایەک دابنێین؟ یاخود ئەو داواکارییەمان بێتەدی؟ بەڵام لێرەدا پێویستە بپرسین: (پاشکۆیەتی/ قەڵاچۆکردن) هۆکارەکانی چین؟ ئایا ئەو پرسە جیاوازی بایۆلۆژی یان کۆمەڵایەتی یان مێژوویی یان شتی تر؟ ئایا چۆن گوزارشت لەو هەموو هزر و بیردۆزە سیاسییە جاوازە کراوە؟ هەروەها هەڵوێستی ئافرەتان لەمجۆرە ئاراستانە چین و چۆن گوزارشت لەو بیرکردنەوەو بیردۆزە ژنانە دەکەن؟ ئایا دیارترین ئاراستەو پێشڤەچوونەکان چین کەبەسەر هزری ئافرەتدا هاتوون؟



کۆمەڵایەتی دەینالآند، گرنگترین ئەو هۆکارانەش بۆ خودی ڕۆژئاوا دەگەڕێتەوە، کە خۆی لە سیاسەتی کۆلۆنیالی و سیستەمە قۆرخکارییەکەی دەبینێتەوەو ئەو کۆمەڵگایانەیش بەدەستییەوە دەیانناڵآند. ئێمە لە ئێستادا لەسەر ڕێڕەوی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەین، هەوڵ دەدەین کارەکە دابەش بکەین، تاوەکو ئەم بایەتانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:

یەکەم:

ژنایەتی (فیمینیزم) سروشتی هزری ژنانەو ئاراستەکانی، پاساوەکانیان چین، بەتایبەتی لە داواکردنی یەکسانیدا؟ ئایا لە سنووری بوارەکانی دەڕەوەی مالّدا دەوەستێت، کە خۆی لە جیاکاری نێوان ژن و پیاو دەبینێتەوە لەبواری ئابووری و سیاسیدا؟ یاخود ئەو سنوورە دەبڕێت بۆ ناوخۆی مالّ و خێزانیش، کە خۆی لە تووندوتیژی (ئۆپەراسیۆن)و چاوەڕوانکراو لەسەری و چوونە ژێرباری ئافرەت دەبینێتەوە؟ کە ئەوەیش لەژێر کاریگەریی زنجیرەیەک لە بەهاو نەریتی داسەپاو بەسەریدا دەبینرێتەوە.

دووەم:

کاریگەرییە هزرییەکان لە پێکهاتەی عەقڵی ڕۆژئاوایی و دەرەنجامەکانی سەبارەت بە هەڵوێست بەرانبەر بە ژن. هەر لەو ئاماژە سەرەتاییانەی لە کتێبە ئاسمانییەکانی چاخی کۆن و نوێدا هاتوون، تا دەگاتە خوودی ژن و ئاوڕلێدانەوەی، بە تێپەڕبوون لە بۆچوونەکانی ئەفلاتوون و ئەرەستۆوە بیگرە تا دەگاتە ئەو هەڵوێستانەی ڕۆسۆ و میل و مارکسییەتی کلاسیکی، سەبارەت بە تێڕوانین لە ئافرەت و ماف و ڕۆڵیان لە دەربازبوون لەو سیستەمە سیاسییە (سەرمایەداریی)ی بەرقەرار بووە و بەردەوامە، تا دەگاتە ئەو هەڵوێستە بوونییەی (وجودی) کە خۆی لە (سیمون دوبوفوار) دەبینێتەوە سەبارەت بە ئافرەت.

سێیەم:

پێگەی هزریی ژنان لەسەر نەخشەی بیردۆزی سیاسیدا. دەبێ لەسەرەتادا پێناسەی بیردۆزی سیاسی لەپێناو گەمارۆدان و واتای گشتیدا بکەین، دواتر دەچینە سەر ئەوەی بیردۆزی ژنانە هەوڵ بۆ چی دەدات و دەیەوێ بگاتە چی، لەو لایەنەوە کە پێگەی بیردۆزی ژنانە لەسەر نەخشەی پۆلێنکردنی تایبەت بە هزری ئافرەت هەیەتی.

چوارەم:

لەم بەشەی ئەو توێژینەوەیەدا، ڕەوتی بیرکردنەوەی ژنان بۆ داواکاری ژنان دەگۆڕێت، هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمینەوە لە ئەورووپا بەرەو نیوەی سەدەی بیستەم، تا دەگاتە ئەو داواکارییانەی لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا بەدەستیان هێنا، هەر لەم تەوەرەدا گفتوگۆ لەسەر بیردۆزەی ژنانەی سیاسەت و دابەشبوونە سەرەکییەکانی دەکەین.

أ _ ژنانی لیبرال. ب_ ژنانی رادیکال. جـ _ ژنانی سوسیالیست. د _ ژنانی دوای نوێگەری.

یەکەم: هزری ژنایەتی (فیمینیزم)

ژنایەتی، لە بنەڕەتدا شێوەیەکە لەو شێوانەی نارەزایەتی لەسەر شێوازی بە ئەنقەست دابەشکردنی کۆمەڵگا، کە پەیوەستە بە دابەشکاری بەها ماددییە مەعنەوییەکان و لەسەر بنەمای زاڵکردنی پیاو دامەزراوە، کە لە میانەیدا ژنان وا هەست دەکەن، کە ئەوان جیاکراونەتەوە یاخود دوورخراونەتەوە لە پیادەکردنی ئەو بەهاو مافانەی خۆیان بە شێوازێکی دیکەو بەهۆی ڕەگەز "جێندەر" یان پێکهاتەی کۆمەڵایەتییان، ئەوەیش بە تەنها بە یەک دەستەواژە، کە (ئەوان ژنن، نەک پیاو).

هەرچەندە وەهاش وەسفکراون، کە ئەوان بەشێکی بنەڕەتی کۆمەڵگان، کە لە پیاو و ئافرەت پێکدێت، هەروەها بۆ ئەوەی ناوەڕۆکێکی زۆر جیاوازتر و ئاڵۆز و ڕادیکاڵانەتر وەرگرێت و تەنها داواکاری لەوەدا ببینێتەوە، کە یەکسانیی لەگەڵ پیاو هەبێت، بەڵکو تۆمەتبارکردنێکی دیکە هەیە، کە ناوەڕۆکەکەی واتای ڕق لێبوونەوەو تووندوتیژی و پاشکۆیەتی ژنان بۆ پیاو لە ژیانی گشتیدا بەدەر دەخات، وێڕای ئەوەی لەژیانی تایبەتیشدا بەسەریاندا سەپاوە لەنێو مالّ و خێزان دا.

کە بۆتە هۆی ئەوەی سروشتێکی وەها بدرێتە پاڵ ئافرەت لەنێو کۆمەڵگادا، کە ئەوان توانای کاری سیاسی و فیکرییان نییە، ئەو ناڕەزایەتی و داواکارییانەش کە لە هزری ڕای گشتی و بە تایبەتیش ئافرەت پەیدا بوو، هۆکاری ئەوەبوو، کە چاو پیاخشاندنەوەی فەرمی لە هەڵوێستی ئافرەت و ڕۆڵ و داواکاری مافەکانیاندا بکرێت.

گرنگیدان بە بارودۆخی ئافرەت و مافەکانیان لە کۆمەڵگا کاریگەری لەسەر هزر و چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبووە، بە تایبەتی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووداو، دوای ئەوەی ئەو داواکارییانەی پەیوەست بوون بەم پرسە، شێوازێک لە جوولەی کۆمەڵایەتی بەخۆوە بینی، کە سنوورە نیشتیمانییەکانی تێپەڕاند و شێوازێکی جیهانیی بەخۆوە بینی، هەروەها توانی خۆی بسەپێنێت بەسەر ئاراستە هزرییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە داسەپاوەکاندا، تەنانەت بووە بابەتێکی ئەکادیمی کە هەندێک لە زانکۆکان بەلایەنی کەمەوە (زانکۆ ڕۆژئاواییەکان) بەشی تایبەت بە ئافرەت و ماف و بیردۆزەکانی دابمەزرێنن، کە تیایاندا توێژینەوەو شیکاری ئەو لایەنە بکرێت، هیچێک لە بەهای ئەو بیردۆزانەیش نەگۆڕان، چونکە تێرو پڕ و جۆراوجۆربوون، لە کۆمەڵێک لایەنیشەوە، دژ بەیەکتربوون، ئەوەیش بووە هۆی ئەوەی ئەو بزووتنەوانە هان بدات، کە تیشد بخرێتەسەر ئەزموونی ژنان و شارەزایی و بەرژەوەندییەکانیان، کە ئەوەیش وەک پێویست نەبوو، لە گرنگیپێدانی هزر و پیادەکردنی سیاسیدا، بەوەش کۆتایی هات، کە چەندین تێگەیشتن و گوزارشتی تازە لە دایرادە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسەتە نوێیەکاندا هاتنە ئارا، کە بەریەککەوتنی لەگەڵ ژیانی بەشێکی فراوان و گرنگی کۆمەڵگا - ئافرەتان - هەبوو، ئەویش پێویستی بە چارەسەری گونجاو و ڕێککار هەبوو، کە تا ئەو کاتە لە چوارچێوەی پرسی دەقە یاساییە گشتییەکاندا مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، بەو پێیەی وەک ڕووداوی ئاسایی ڕاگوزەر هەژمار دەکران، یاخود وەک ڕووداوی تاکەکەسی و لەباشترین حاڵەتیشدا، وەک مامەڵەکردنی لەگەڵ ئازادی تاک دادەنران، بۆ نموونەش لەباربردن و مافی ئافرەت لە مامەڵەکردن لەو بارەوە بەو پێیەی پەیوەستە بە ئازادیی تاکەوە، لەگەڵ هەموو ئەو بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییانەی پەیوەستن بە چاوەڕێری تەندروستی لەم بارەیەوە، ئەوە دیاردە تووندوتیژییانەی دژ بە ئافرەت سەریان هەڵداوەو لەنێو مالّ و شوێنی کارکردن ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، وەک دەستدرێژی سێکسی و هاوشێوەکانی، هاوڕێک لەگەڵ ئەو داواکارییەی بەشداریکردنیان لەرای گشتی لەنێو دەستەو دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان و دانان بە دابینکردنی دەرفەتی هاوشانبوون لەگەڵ پیاو، لەبواری کار و فێرکردن و تەنانەت لە دابەشکردنی بەرپرسیارێتی مالّ و چاودێری منداڵ دا.

ڕەنگە هەندێک بپرسن لەبارەی واتای ئەو گرنگیپێدانە و هۆکارەکانی چین.. چین ئەو خاڵە جیاوازانەی لەنێوان گفتوگۆکارانی ئەو باسە لەنێوان ژمارەیەکی زۆر لەو پرسیارانەی لە هزری خۆیانەر لەم بوارە سەر هەڵدەدەن و ئێمەش لە میانەی وەڵامەکانمان بۆ ئەو پرسیارانە، دەبینین کە پاڵنەری سەرەکی ئەو داواکارییانە لە چۆنیەتی و شێوە و وەسفکردنی بارودۆخی ئافرەت خۆی دەبینێتەوە.

بارودۆخی ئافرەت چۆنەو چۆن دەتوانی هەڵسەنگاندن بۆ ئەو ڕۆڵە بکەین کە لە کۆمەڵگا ئەدای کردووەو دەیکات؟ کاریگەری لەسەر ڕیزبەندی کۆمەڵایەتی و بەها باوەکاندا چییە؟ ئافرەت خۆی چۆن دەڕوانێتە خۆی؟ سکاڵای لەچی هەیە؟ چ شتێک بە چارەسەری بارودۆخی خۆی دەزانێت؟ ئەو تێڕوانینە وردبینیکراوەی لەبارەی شارەزایی ئافرەت و بارودۆخ و ڕەنگدانەوە لەسەری و هزری ژنانەوە سەرهەڵدەدەن و تێروانینی بیرمەندەکان لەم بارەیەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە بەشێوەیەکی گشتی ئەو شتانەی ژنان بەدەستیانەوە دەنالێنن، پەیوەستن بە ژێردەستەبوون و تووندوتیژی، ئەگەر بمانەوێت پەیوەندی نێوان ژێردەستەبوون و تووندوتیژییەکان لەیەکتر جیابکەینەوە و بزانین ڕەگەزەکانی چین و لەکوێوە هاتوون، ئایا بەرهەمێکی سروشتین لەجیاکاری نێوان هەردوو ڕەگەز، یاخود کۆمەڵگا ڕۆڵی هەیە لەدروستکردنی ڕۆشنبیریەت و ڕەوشت و ژمارەیەکی دیکەی هۆکارەکان؟ بەڵام لەبارەی تووندوتیژییەوە وەک ڕەگەزی دووەم، ئەوا پەیوەندییەکە پێشتر ڕوونکراوەتەوە، لەوێدا ژمارەیەک پرسیار هەن، پەیوەستن بە چۆنیەتی تووندوتیژیی و شێوەکانی چۆنن و ڕەهەندەکانی چین؟ ئایا تەنها دوورخستنەوەی ئافرەتانە لەبەشداری سیاسیدا، یاخود بە شێوەیەک لە شێوەکانی سەپاندنی بالآدەستییەوە بەسەر ڕەوشت و هەڵسوکەوتیاندا؟ چەندین شێوەی تووندوتیژی و جیاکاری و نایەکسانی لە دەرفەت پێدان تەنانەت تێروانین لە پەراوێزخستن و ڕۆڵی ئافرەت هەن، کە ناوەندنرێن بە باوکایەتی و لە کۆتاییدا ئایا پەوەندی نیوان ژێردەستەبوون و تووندوتیژی لەنێوان پیاو و ئافرەتدا، کورت دەکرێنەوە یاخود لەنێوان ژنان و ژناندا، بەهۆی ڕەشپێستی و ڕەنگاورەنگبوونیان لەنێوان خۆشیاندا هەیە.

لەم بەشەی ئەو توێژینەوەیەدا، ڕەوتی بیرکردنەوەی ژنان بۆ داواکاری ژنان دەگۆڕێت، هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمینەوە لە ئەورووپا بەرەو نیوەی سەدەی بیستەم، تا دەگاتە ئەو داواکارییانەی لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا بەدەستیان هێنا



www.xebat.net
چوارشەممە 2019/1/23 ژمارە (5678)

مەترسی توشبوون بە خەمۆکیی بە هۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لەنێو کچاندا ڕووەدات



کچان زیاتر بە هۆی ئازار و توندوتیژییەکانی جیهانی کراوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شێواوی لە خەودا بە هۆی ئاڵوودەبوون بەو تۆڕانە و متمانەی کەمتر بە خۆیان زیاتر خەمۆک دەبن

و/ ژیلا کەریمی

ئەو کچە مێرمندالانەی کە بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرقاڵن بەنیسبەت کۆڕانی هاوتەمەنیان دوو هێندە نیشانەکانی خەمۆکیان تێدا هەست پێدەکرێت. ئەنجامی نوێترین لێکۆڵینەوە دەریدەخات کە کچان زیاتر بە هۆی ئازار و توندوتیژییەکانی جیهانی کراوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، شێواوی لە خەودا بە هۆی ئالوودەبوون بەو تۆڕانە و متمانەی کەمتر بە خۆیان زیاتر خەمۆک دەبن. لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە لە بەریتانیا لەسەر 11هەزار بەکاربەر ئەنجامدراوە زانایان بۆیان دەرکەوتووە کە کچانی 14ساڵ، زیاتر لە هەر تەمەنێکی دیکە سەرقاڵی ئەو تۆڕانەن و دوو لە سێی ئەو کچانە بە لانیکەمەوە سێ کاتژمێر لە کاتیان لەسەر ئەو تۆڕانە بەسەردەبەن، ئەوە لەحاڵێکدایە یەک لە پێنجی کۆڕانی هاوتەمەنیان ئالودەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن.

لەو لێکۆڵینەوە نوێیەدا هەروەها ئاماژەدراوە کە دوانزە لەسەدی "کابەرە کەم کارەکان" و سی و هەشت لە سەدی "کاربەرە پڕکارەکان" لەو تۆڕانە _ئەو کەسانەی پێنج کاتژمێر یان زیاتر لەو تۆڕو کۆمەڵایەتییانەدان _زیاتر نیشانەکانی خەمۆکیان تێدا دەبینرێت.

لە ئەنجامێکی دیکەدا ئاشکرابووە کە 40لەسەدی کچان و 25لەسەدی کۆڕانی بەشداربوو لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەیان بەوەداوە کە لە جیهانی ئانلاین و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕووبەڕووی ئازار و هەڕەشە و زۆرداری بوونەتەوە.

هەروەها 40لەسەدی کچان و 28لەسەدی کوڕان باسیان لە شێواوی خەویان کردووە. دڵەڕاوکێ و خەوی نائارام و پچڕپچڕ هەردووکیان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە خەمۆکییەوە هەیە.

لە لایەکیتر کچان و کۆڕان بە یەکسانی، نیگەرانیان هەبووە لە پیشاندانی وێنەی خۆیان، باوەڕبەخۆبوون و وێنەی ڕوالەتیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

ئەو لێکۆڵەرە داوای لە بنەماڵەکان کردووە تا کاتێک بۆ میرمندالەکانیان دیاریکەن داوای لە کۆمپانیاکان کردووە کە کاتی سەرقاڵبوونی گەنجان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی جیددی ڕێکبخەن."

"کیلی یۆنی" مامۆستا لە پژهنتۆن کالێجی لەندەن کە یاریدەری ئەو پڕۆژەیە، ڕاستەوخۆ بۆ بنەماڵە و کۆمپانیاکان، ئاماژەی بە ئەنجامی مەترسیداری ئەو لێکۆڵینەوەیە داوە.

خاتوو یۆنی لە بڵاوکراوەیەکدا دەڵێت: " ئەو داتایانە، پێویستی ڕێنوێنی بۆ بەکاربەران بۆ خۆپاراستن لە تۆڕە کۆمەڵایەتیان دەخاتەڕوو و ئیزن نەدەن لەو ماوەیە زیاتر منداڵەکان بەو تۆڕانەوە سەرقاڵ بن و هەروەها ئیزن نەدەن مۆبایل و ئایپەد بەبەنە ژووری نوستن.

ئەو لێکۆڵینەوەیە لە لایەن ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەریتانیا پشتیوانی دارایی کراوە و لە ژۆنالی پزیشکی کلینیکی بەریتانیا بڵاوکراوەتەوە.



6ڕێگە بۆ نەهێشتنی قڵێشان و وشکی لێو لە وەرزی زستاندا

ئا/ ڕوخۆش موعتەسەم

پسپۆڕانی پێست گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە هەوای وشکی زستان و شێی کەم لەو وەرزە هۆکاری وشکبوونی لێوەکانە. ئەگەر بەردەوام لەو وەرزە لە دەرەوە بن و ڕاستەوخۆ ئەو هەوا وشکەتان بەرکەوێت دەبێتە هۆی قڵێشان و وشکبوونی لێو.

بۆ بەرگری لە وشکبوونەوەی لێوەکان لە وەرزی زستان چەند پێشنیارێک خراوەتەڕوو:

١- خواردنەوەی بڕێکی زۆر شلەمەنی دەتوانێن یارمەتیدەر بێت. بەهیچ شێوەیەک لەو وەرزە خواردنی شلەمەنییەکان پشتگوێ مەخەن. خواردنەوەی 8تا 10پەرداخ ئاو یان هەر شلەمەنییەک لە ڕۆژدا بۆ وەرزی زستان و هاوین پێشنیار دەکرێت. کاتێک جەستە تووشی کەم ئاوی دەبێت یەکەم نیشانەکان لە لێودا دەبینرێن.

٢- سوودوەرگرتن لە ئالۆوێرا و ڤیتامین Eبۆ باشترکردنی قڵێشانی لێو کاریگەری دەبێت.

٣- باشترین چارەسەری خۆمالّی بۆ قڵێشانی لێو دانانی پارچەیەک خەیارە لەسەر لێو. هەروەها دەتوانن لە ڕۆن باوی، زەیتون، جۆز هیندی و هەر ڕۆنێکی سروشتی دیکە و تەنانەت هەنگوین و شیریش کەلکوەربگرن.

٤- خۆ بەدوورگرتن لە میکیاج یان کەمتر کردنەوەی دەتوانێت بەسوود بێت.

٥- بۆ چارەسەری لێوی وشک تا ئەو جێیەی دەگونجێت ماددە کیمیاییەکان بەکار مەهێنن.

٦- لێوەکان بە زمان و ئاوی دەمتان تەڕ مەکەن، ئەمکارە هۆکارە بۆ زیاتر وشکبوونی لێو.

هەنارەکردنی قژی ئافرەتانی پاکستانی بۆ وڵاتی چین

ئا/ لاپەڕەی ئافرەت

بازرگانیکردن بە قژ بۆ ئامادەکردنی بارۆکە و ئێکستێنشن ئەمڕۆکە لە بازرگانییە باوەکانە و بەو هۆیەی قژی سروشتی بەرامبەر بە دەستکردەکان خواستی زیاتری لەسەرە چەندین وڵات هەوڵدەدەن ئەو بازرگانییە بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان.

کاربەدەستانی وڵاتی پاکستان بۆ یەکەمجار چەندین زانیاریان لەبارەی هەڵکشانی ئاستی هەنارەکردنی قژ داوەتە پەرلەمان. لەو ڕاگەیەندراوەی وەزارەتی دارایی، داهاتی ئەو وڵاتە لە هەنارەکردنی سەد هەزار کیلۆ قژی مرۆڤ لە پێنج ساڵی ڕابردوو، یەک میلیۆن و شەشسەد هەزار دۆلار بووە.

هەندێک لە ئامارەکان باس لەوە دەکەن کە وڵاتی پاکستان وەک یەکێک لە دابینکەرە نێودەوڵەتییەکانی قژی مرۆڤ ناسراوە. چین کە هەوڵی پەرەپێدانی پیشەی جوانکاری دەدات یەکێک لە کڕیارە سەرکییەکانی ئەو بابەتەیە. باس لەوە دەکەن کە چین لە پێنج ساڵی ڕابردوو زیاتر لە سەد هەزار کیلۆ قژی بۆ دروستکردنی بارۆکە و ئێکستێنشێن لە پاکستان کڕیوە. ژاپۆن، ئەمەریکا و کۆریای باشوور لەو وڵاتانەن کە خواستیان لەسەر قژی پاکستانی هەیە. یەکێک لە کاربەدەستانی بواری جوانکاری لە پاکستان دەڵێت کە هەنارەدەکاران لە سالۆن و ئارایشگاکان چەند سەتلێکیان بۆ کۆکردنەوەی قژ تەرخان کردووە و بە گشتی نرخی کڕینی قژ لە نێوان 5تا 6 هەزار ڕوپییەیە. دەسەڵاتدارانی پاکستانی ئاماژە بەوە دەدەن کە گەشەی ئاستی هەنارەدەکردنی بەرهەمی قژی ئەو وڵاتە، بووەتە هۆکاری کەمبوونەوەی دابینکردنی بازاڕی نێوخۆیی.





زانیاری لەبارەی لەیزەری دەموچاو کە پێویستە ئافرەتان بیزانن


و/ لەیلا سلێمان

یەکێک لە ڕێگەکانی جوانکاری ئافرەتان لە کۆنەوە هەڵگرتنی موی زیادەی دەموچاو و ڕێکخستنی برۆکان بووە. پێشووتر ئافرەتان لە ڕێگەی داولێدان و شیرە ئەو کێشەیان چارەسەردەکرد، بەڵام ئەمڕۆکە لەگەڵ هەموو پێشکەوتنەکان بۆ دەموچاویش ڕێگەی پێشکەوتووتر دۆزراوەتەوە.

لەیزەر یەکێک لە ڕێگەکانی لەنێوبردنی موی زیادەیە کە بە گشتی کاریگەری لەسەر مەلانین یان خانەکانی ڕەنگە لە ڕەگی موەکان کە هۆکارە بۆ کارلێکردن لە فولیکۆل یان هەمان ڕەگی موو. هەر بۆیە چەندە مووەکان ڕەشتر بن کاریگەری لەیزەر زیاتر دەبێت و چەند ئەو خانە ڕەنگیانە کەمتر بن کاریگەرییە سلبییەکان کەمتر دەبنەوە. کەواتە باشترین پێست و مو بۆ لەیزەر، مووی ڕەش و پێستی سپییە. پێویستە بەر لە لەیزەرکردن چەند تاقیکردنەوەیەکی هۆرمۆنی تایبەت بەوکارە ئەنجام بدرێت و ئەگەر شیواویەکی هۆرمۆنی هەبێت، دەسنیشان بکرێت و چارەسەری پێویست وەربگیرێت. لە کاتی کەلکوەرگرتن لە دەرمانی تایبەت بە کەمکردنەوەی مووی زیاد دەتوانن هاوکات سوود لە لەیزەریش ببینن تا ئەنجامی خێراتر و باشترتان دەسکەوێت.

وادەی راگەیاندنی بۆندی مۆراتا بۆ یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید

تۆڕی (سکای سپۆرتس)ی جیهانی بڵاویکردەوە کەچاوەڕێ دەکرێت یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید لەچەند کاتژمێری داهاتوودا بۆندی هێرشبەری ئیسپانی ئەلڤارۆ مۆراتا لەیانەی چێلسی ئاشکرا بکات، کە گواستنەوەی ئەلڤارۆ مۆراتا لەیانەی چێلسی بۆ پایتەختی مەدرید دووپاتکراوەتەوە، لەمیانی گواستنەوەکانی ئەم زستانەدا بەخواستن تا کۆتایی وەرز، لەگەڵ بوونی بۆندێکی مافی کڕین دوای کۆتایی هاتنی ماوەی خواستنی. تۆڕی ناوبراو دەڵێت: یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید کۆتایی بە رێککەوتنی لەگەڵ یانەی چێلسی هێناوە بۆ گواستنەوەی مۆراتا بەر لەکۆتایی هاتنی گواستنەوەی زستانە. هێرشبەری ئیسپانی نەیتوانی متمانەی راهێنەری چێلسی ماورزیۆ ساری بەدەست بێنێت، لەگەڵ ئەوەی چەندین جار هەڵی پێدراوەو نەیتوانیوە بیقۆزێتەوە. مۆراتا لە هاوینی 2017 پەیوەندی بەیانەی چێلسی کرد، دوای ئەوەی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بەرامبەر بۆندێکی گەورەی 70ملیۆنی جێهێشت.



مان یونایتد بەفەرمی نوێکردنەوەی بۆندی ئەستێرەیەکی راگەیاند



یانەی مان یونایتدی ئینگلیزی لە دوو شەمەی رابردوو بەفەرمی نوێکردنەوەی دیارترین یاریزانی بۆ ماوەی 4 وەرز راگەیاند، بەگوێرەی مالپەڕی ئەهریمەنە سوورەکان یاریزانی سویدی سکۆت مکتۆمینای تەمەن 22 ساڵ بۆندێکی 4 وەرزی لەگەڵ یانەی مان یونایتد نوێکردەوە، لەگەڵ بوونی مەرجی ساڵێکی زیاتر. ماکتۆمینای لەدوای واژۆکردنی بۆندەکەی گوتی: مان یونایتد هەموو ژیانمە، لەدوای تەمەنی 5ساڵی لەو یانەیە یاری دەکەم کە بەردەوام هاندەری بووم، هەموو ئەوەی دەمەویست بەدەستم هێناوە، هێشتا تەمەنم بچووکە، بەردەوام لەقۆناغی فێربوون دام لە راهێنەرو گەورە یاریزانانی تیپەکەمان، ناتوانم چاوەڕێی پێشکەوتن بکەم لەو یانە گەورەیە. لەهەمان بابەتدا ئۆلی سۆلسکایەر راهێنەری تیپەکە دەڵێت: سکۆت لەتەمنێکی بچووکەوە لەیانەکەمان یاری کردووە، لەئەکادیمیای تیپەکەوە دەستی پێکردووەو بەردەوام لەبەردەوپێشچوون دایە، سکۆت یاریزانێکی هێڵی ناوەڕاستی لاوە، بەردەوام باش دەبێت، یاریزانێکی ژیرەو بەردەوام لەهەوڵی فێربووندایە، دڵخۆشم بەوەی بۆندە تازەکەی واژۆکرد، بێگومان داهاتوویەکی پڕشنگداری هەیە.

پۆگبا ئامادەیە گفتوگۆ لەسەر نوێکردنەوەی بۆندەکەی بکات




راپۆرتە هەواڵەکانی بەریتانی هەواڵێکی خۆشیان دایە هاندەرانی یانەی مان یونایتد سەبارەت بەداهاتوویی پۆل پۆگبای ئەستێرەی فەرەنسی. رۆژنامەی (زە سەن)ی بەریتانی بەناوبانگ بڵاویکردەوە کە پاڵەوانی جیهانی 2018 لەگەڵ هەڵبژاردەی کەڵەشێرەکانی فەرەنسا بڕیاریداوە واز لەبیرکردنەوەی جێهێشتنی یاریگای ئۆڵد ترافۆرد بهێنێت و ئامادەیە دەست بەگفتوگۆ بکات سەبارەت بەنوێکردنەوەی بۆندی لەگەڵ یانەی ئەهریمەنە سوورەکان. یاریزانی تەمەن 25 ساڵ زۆر نزیک بووە لەوەی یانە سوورەکەی شاری مانچستەر جێبهێڵێت دوای ئەوەی گرژی کەوتە پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ راهێنەری پێشوو جۆزێ مۆرینهۆ. بەڵام بەرۆیشتنی مۆرینهۆ هەموو شتێک گۆڕانی بەسەرهات، بەهاتنی راهێنەری نەرویژی ئۆلێ جونار سۆلسکایەر ژووری جل گۆڕینی یاریزانانی هێورکردەوەو متمانەی دایەوە یاریزانانی تیپەکەی مان یونایتد. هەروەها ئازادییەکی زیاتریشی بەخشیە یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی فەرەنسی پۆل پۆگبا. ئەمەش وایکرد کە ناوبراو زیاتر بدرەوشێتەوەو ئاستێکی بەرزی هونەری زیاتر پێشکەش بکات، یاریزانی پێشووی یانەی یۆڤنتۆسی ئیتاڵی 290 هەزار پاوەند موچەی هەفتانەیەتی، کە خاوەنی بەرزترین دووەمین موچەی یانەکەیەتی، پۆگبا دەیەوێت موچەکەی لە ئەلێکسیس سانشێزی ئەستێرەی چیلی نزیک بێتەوە کە هەفتانە موچەکەی 505هەزار پاوەندە. سەرچاوەی ناوبراو دەڵێت: مینۆ رایۆلای بەڕێوەبەری کارەکانی یاریزانی ناوبراو ئامادەیە گفتوگۆ لەگەڵ یانەی مان یونایتد بکات لەپێناو کۆتایی هێنان بە گرفتەکانی پۆگبا بەدرێژایی چەند مانگی رابردوو و باس لە سەردەمێکی تازە بکات لەدوای گواستنەوەکانی زستانە.

ئاشکرابوونی بەندەکانی بۆندی هیگواین و چێلسی



راپۆرتە هەواڵەکانی جیهانی لە شەمەی رابردوو ناوەڕۆکی زیاتری بۆندی نێوان یانەی چێلسی ئینگلیزی و یۆڤنتۆسی ئیتاڵی بڵاوکردەوە سەبارەت بەگواستنەوەی هێرشبەری ئەرژەنتینی گۆنزالۆ هیگواین. بەگوێرەی رۆژنامەی (مارکا)ی ئیسپانی چێلسی بڕی 9 ملیۆن یۆرۆ دەداتە یۆڤنتۆس لەپێناو گەیشتن بەخزمەتەکانی هیگواین بۆ ماوەی 6 مانگ بەخواستن و لەگەڵ بەندێکی کڕین بەرامبەر 36ملیۆن یۆرۆ. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەکرد کە نیکۆڵاس هیگواین براو بریکاری هیگواین دەڵێت: هێرشبەری ئێستای میلان لە هەینی رابردوو گەیشتە مەدرید لەپێناو کۆتایی هێنانی گفتوگۆکانی لەگەڵ بەرپرسانی یانەی چێلسی و ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی. زانیارییەکان ئەمە دەسەلمێنن کە کڕینی هیگواین بەرامبەر 36ملیۆن دەبێتە ناچاری بەبەدی هاتنی چەند مەرجێک، کە تیایدا پشت بەژمارەی تاک و ئەنجامەکانی تیپەکەی لەخولی ئینگلیزی دەبەستێت. بۆ نموونە چێلسی ناچار دەبێت هیگواین بکڕێت ئەگەر بتوانێت لەکۆتایی وەرز لەنێوان 3تیپەکەی پێشەوەی خولی پریمەرلیگ دابێت و هیگواینیش بتوانێت لە 15گۆڵ زیاتر تۆمار بکات، کە هەمووان چاوەڕێی راگەیاندنی بۆندی هیگواینن بەڵام میلان رێگەی رۆیشتنی نادات تاکو جێگرەوەیەک نەدۆزێتەوە، کە هەواڵەکان بۆ جێگرتنەوەی ناوبراو لەمیلان باسی بۆندی هێرشبەری یانەی جەنەوا کریزیستۆف پاتیک دەکەن.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/1/23 ژمارە (5678) خەبات



پێکانی دیمبلی دەرگای هیوایە بۆ کورسی یەدەگ

لێدانێکی بەئازار:

عوسمان دیملی لەدوای ماوەیەک لەبەرزو نزمی و کێشە بەهۆی پابەند نەبوونی، جارێکی دیکە توانی خۆی بسەلمێنێت و پارێزگاری لە پێگەی خۆی لەپێکهاتەی سەرەکی یانەی بلۆگرانا بکات. سیسرکەی فەرەنسی بەشداری 27یاری ئەم وەرزەی لەیانەی بەرشلۆنە کردووەو 13 گۆڵی تۆمارکردووەو 5 گۆڵیشی دروستکردووە. یانەی بەرشلۆنە رایگەیاند کە دیمبلی تووشی ئازاری گۆزنیگی بۆتەوەو بەهۆیەوە بۆ ماوەی 15رۆژ ناتوانێت بگەڕێتەوە ناو یاریگا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەشداری یاری داهاتوویان لەجامی شای ئیسپانیا بەرامبەر ئیشبیلیە ناکات، لەگەڵ هەردوو یاریان بەرامبەر گیرۆناو ڤالێنسیا لەلالیگا.

هەڵێک بۆ کۆتینهۆ:

کارەساتی نەتەوەیەک سوودی بۆ نەتەوەیەکی دیکە هەیە، ئەمە پەندی پێشینانە و لەسەر هەڵوێستی یارێزانی بەرازیلی فیلیپ کۆتینهۆ لەیانەی بەرشلۆنە جێبەجێ دەبێت، دوای ئەوەی هاوڕێکەی عوسمان دیمبلی تووشی پێکان بۆوە. کۆتینهۆ لەگواستنەوەکانی زستانەی رابردوو پەیوەندی بەیانەی بەرشلۆنەن کرد، بەڵام پشت بەستن پێی لەلایەن ڤالڤێردی راهێنەر لەماوەی رابردوو کەم بۆوەو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی نیشانەی پرسیار بخرێتە سەر داهاتووی. بەمەش کۆتینهۆ پێگەی لە پێکهاتەی سەرەکی لەدەستداو بووە وەرقەیەک بۆ ڤالڤێردی لەسەر کورسی یەدەگ، دوای ئەو ئاستە بەرزەی عوسمان دیمبلی، راپۆرتە هەواڵەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە یاریزانی بەرازیلی بەم رەوشەی خۆی لەیانەی بەرشلۆنە رازی نییە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی یانەی چێلسی چاوی تێبڕێت و بڕی 100 ملیۆن پاوەند بۆ گواستنەوەی تەرخان بکات، بەڵام یانەی لەندەنی ڕووبەڕووی رکابەرییەکی بەهێز دەبێتەوە لەسەر ئەم بۆتە بەهۆی ئارەزووکردنی یانەی مان یونایتد بۆ گەیشتن بەخزمەتەکانی. بێگومان هەڵێکی نایاب لەبەردەم کۆتینهۆدا هەیە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تواناکانی بسەلمێنێت و متمانەی ڤالڤێردی و هاندەران بەدەست بێنێتەوەو بتوانێت بگەڕێتەوە پێکهاتەی سەرەکی یانەی بارسا.

هیوای مالکۆم:

هەروەها یاریزانی بەرازیلی مالکۆم ئەویش ئازاری نەبوونی هەلی بەشداریکردنی لەپێگەی سەرەکی پێکهاتەی یانەی بەرشلۆنە هەیە و بەندی سەر کورسی یەدەگ بۆتەوە. بە پێکانی دیمبلی لەگەڵ زۆری یاریەکانی یانەی کاتەلۆنی کە لەسەر چەندین لایەوە لەجەنگ دایەو پشت بەجێگۆڕکێ یاریزانان دەبەستێت، مالکۆمیش هەلی پێدەدرێت، مالکۆم چەندین بۆندی لەچین و ئارسنال و تۆتنهام پێگەیشتووە، بەڵام لە گواستنەوەی زستانەدا هەموویانی ڕەتکردۆتەوە، دەیەوێت لەسەر وەرگرتنی پێگەی لەپێکهاتەی سەرەکی رکابەری بکات، بەڵام ئەگەر لەهاویندا ڕەوشەکە گۆڕانی بەسەر نەهات، ئەوا بە بۆندەکانی پێشکەشکراویدا دەچێتەوە، ئەگەر بەخواستنیش بێت.

نەبەز ڕوستایی



میلان لێدانێکی کوشندەی پێکەوت

یانەی میلان لێدانێکی بەهێزی پێکەوت لەیاری یانەکەیان لەگەڕی هەفتەی 20ی خولی ئیتاڵیا کاتێک ڕووبەڕووی یانەی جەنەوا بۆوە، لەخولەکی 13یاریەکدا یاریزانی کۆڵۆمبی کریستیان زاپاتا تووشی پێکان هاتەوەو بەهۆیەوە یاریگای جێهێشت و ئەندریا کۆنتی شوێنی گرتەوە. جێگای وەبیرهێنانەوەیە یانەی میلان چەندین دابڕانی لەهێڵی بەرگریدا هەیە، بەیاری نەکردنی یاریزانان ئەلیسیۆ ڕۆمانیۆڵی سەرکردەو بەرگریکاری سەرەکی بەهۆی کەڵەکە بوونی کارتەکان، لەگەڵ پێکانی ماتیا کالدارا.جێگای وەبیرهێنانەوەیە لەو یاریەدا یانەی ئەی سی میلان بە ئەنجامی 2گۆڵی بێ وەڵام لەیانەی جەنەوای بردەوەو توانی سوود لەخزمەتەکەی یانەی ناپۆلی وەرگرێت کە ئەویش لە لوتکەی ئەم گەڕەدا لەیانەی لازیۆی بردەوە بە ئەنجامی 2-1 گۆڵ.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Wed, 23. Jan. 2019 No: (5678)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

پەیکەرساز تارا خالید:

گەر بتەوێت وڵاتەکەت و شارستانییەتی وڵاتەکەت بە هەموو جیهان بناسێنیت دەبێت گرنگی بدەیت بە بواره هونەرییەکان، بە تایبەت هونەری پەیکەرسازی

ئازایەتی پێشمەرگە قارەمانەکانمان (خوا بیانپارێزێت) و خوێنی شەهیدە نەمرەکانمان بوون بە ڕەمز و سیمبوڵ لە نێو پەیکەری (ئاڵای کوردستان)دا ڕەنگیداوەتەوە، کە من نەخشاندوومە

دیمانە: وریشە عومەر

تارا خالید دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی پەیکەرسازی ساڵی 1996چالاکیم هەبووە لە سەرە تای ڤیستیڤاڵی پەیمانگەو بەشداری 52 پێشانگای هاوبەشم کردووە، خاوەنی دوو پەیکەری گەورەم (پەیکەری ژینگە) پێکهاتووە لە 4پەیکەر بە ماتریالی ئاسن بەرزییەکەی ٣ مەترە لە پارکی ئازادی جێگیر کراوە لە ساڵی 2012، دووەم کارم (کارێکی هونەری دیوار بەندە بە ناوی پەیکەری (ئاڵای کوردستان) بەرزیەکەی 5مەترە، لە ساڵی 2016 بە دیوارێکی شەقامی سالمدا جێگیر کراوە، چالاکیم هەبووە لە زۆربەی بۆنەکانی نەورۆز وەک ڕە نگکردنی شەقامی سالم، بەردەوام کاری هونەریم بۆ منداڵان کردووە بە کێشانی وێنەی بەرگ و ناوەوەی چیرۆکەکانی منداڵان، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانم، لەم دیمانەیە وەڵامەکانی ئەم خاتوونە بناسە:

ـ گرنگی هونەری پەیکەرتاشی لە چیدا دەبینیت ؟

ـ گەر بتەوێت وڵاتەکەت و شارستانییەتیەکەی، بە هەموو جیهان بناسێنیت، ئەبێت گرنگی بدەیت بە بواڕەکانی هونەر بە تایبەت هونەری پەیکەرسازی چونکە پەیکەر لەگەڵ بواری بیناسازی زۆر نزیکن تەمەنێکی زۆری هەیە، بۆ مانەوە یان ئەگەر بێتو بە ماتریالی بڕۆنز بکرێت، پەیکەر ئەبێتە گێڕانەوەو مێژووی شارستانیەتی ئەو وڵاتە کا تێک کە میوانێک یان بێگانەیەک سەردانی وڵاتەکەت ئەکات، یەکەم شت کە بەرچاوی ئەکەوێت لە شەقام و شوێنە گشتییەکان ئەو کارە هونەرییانەن کە دانراون ئەبێتە پێناسەیەک بۆ وڵاتەکەت.

ـ جیاوازی ئەم هونەرە لەگەڵ هونەرەکانی دیکە لە چییدایە؟

هەموو هونەرەکان بایەخ و بەهاو جوانی خۆی هەیە، هونەری پەیکەرسازی بەرجەستەکردنی هەموو جوانییەکانیەتی لە ڕووی بابەت و لە ڕووی 3 ڕەهەندی کارە کە لە ڕووی مانەوە ی کارە کە کاتێک کە لە سەر شەقام بەرچاوی بینەر ئەکەوێت.

ـ لە کوردستان بۆچی کەمتر بایەخ بە هونەری پەیکەرسازی دەدرێت ؟

لە کوردستان هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییداین لە هونەری پەیکەرسازیدا، پێویستە وانەی هونەر لە قۆناغی باخچەوە لە ڕووی پەروەردەیی گرنگی باشی پێبدرێت، هونەر نەکەین بە قوربانی وانەکانی تر چونکە هەمووی تەواوکەری یەکترین بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگایە.

ـ کورد پەیکەرتاشی هەیە وەک هونەرەکانی دیکە جێگەی شانازی بێت؟

ـ بێگومان هونەرمەندی پەیکەرسازی زۆر بەتوانامان هەیە کە جێگای شانازییە بۆمان.

ـ لەپەیانگا بەشی پەیکەرتاشی هەیە، سالانەش قوتابی دەردەچن، تا چەندتوانراوە پەرە بە هونەرەکەیان بدەن؟

پەیمانگە قوناغێکی سەرەتاییە بۆ دیراسەتکردنی بوارەکانی هونەر بە شێوەیەکی ئەکادیمی دواتر بە دەستهێنانی بڕوانامەیە، دوای پەیمانگە دەرئەکەوێت کێ خۆشەویستی هەیە بۆ هونەرە کەی و بەردەوام ئەبێت، بەداخەوە ئەوانەیش کەمن کە بەردە وام ئەبن.

ـ پێشمەرگەو شەهیدان لە کوێی کارەکانی تێدان؟

ئازایەتی پێشمەرگە قارەمانەکانمان (خوا بیانپارێزێت) و خوێنی شەهیدە نەمرەکانمان بوون بە ڕەمز سیمبوڵ لەنێو پەیکەری (ئاڵای کوردستان) دا کە من نەخشاندوومە، ڕەنگیداوەتەوە.

ـ وەکو پەیکەرتاشێک دەڵێی چی؟ کاتێک دەبینیت لە شەقامێک پەیکەرێک هەیە، چ هەستێک دەبزوێنێت؟

ـ هەموو پەیکەرێک بۆ خۆی ڕەمز و سیمبوڵێکە بۆ ئەو شوێنەی کە لێی دانراوە، بۆ نموونە پەیکەری ئاشتی لە شەقامی سالم، پەیکەری ئاشتی لە هەولێر، پەیکەری ئاشتی لە سلێمانی، هەموو ئەمانە ڕەمز و سیمبوڵی ئاشتی و ژیانن، بۆ نموونە پەیکەری ئاشتی لە سلێمانی کە دوو دەستی مرۆڤ ئەگرێتەوە بۆ ئاسمان و ئەیەوێت ئاشتی بەرەو ئاسمان بەرز بکاتەوە، پەیکەری ئاشتی لە هەولێر کە دوو مرۆڤ ئەگرێتەوە بە باوەشی یەکدا و ئەیانەوێت ئاشتی بدەن بە یەکتر، هەموو ئەمانە ڕەمز و سیمبوڵی ئاشتی و ژیانن.

ـ ژووری بەرپرسان و فەرمانگە حکومییەکان پەیکەری هونەرمەندانی بیانی لێیە و هونەرمەندانی خۆمانیش زانەی چاویان دێت؟

هەموو کەس ئازادە ئارەزووی چ کارێکی هونەری ئەکات کە لە مالەکەی یان لە فەرمانگەکەیدا ببینێت، لای ئێمەش هەتا ئێستا هونەرمەند نەیتوانیوە هونەرەکەی بکات بەپیشە، چونکە کە من ئەو هونەرمەندانەی ، کە هەتا ئێستا خا وەنی شوێنێکی تایبەتی خۆیان بن بە تەنها کاری هونەری بکەن، بێگومان سەرقالی کارێکی دیکەن بۆیە نەبۆتە نەریت چاومان لە سەر کاری بازاڕە.

ـ بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە، تا هونەری پەیکەرتاشی پێشبکەوێت؟

پێویستە گرنگی زۆر بدرێت بەو هونەرمەندانەی کە بە خۆشەویستییەوە کاری هونەری ئەکەن سەرکەوتوون، لە بواری پەیکەرسازی گرنگی بدرێت بە پرۆژەکان شوێنێک هەبێت کە هاوکاری و پشتگیری کارە هونەرییەکان بکات لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە.

ـ پرۆژەی داهاتوت چییە؟

دوو پرۆژەی هونەری گەورەم هەیە لە ئێستادا بە داخەوە بە هۆی قەیرانەوە وەستاوە.

ـ خەون بە دروستکردنی چ پەیکەرێکەوە دەبینیت، بینەخشێنیت؟

خەونەکانم زۆرن، پێم خۆشە هەموو کارە کانم لە خزمەت هونەری کوردیدا بن.



هونەری پەیکەرسازی لە کوردستاندا هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدایە


شانۆی (فرمێسکەکانی زوڵەیخا) لە سەیدسادق دابارین



بەرهەم شێخ عزەدین

بەشی ڕۆشنبیری و هونەری سەید سایەق میوانداری تیپی شانۆی کوردستانی کرد بۆ نمایشی شانۆیی فرمێسکەکانی زوڵەیخا نووسینی : ئازاد سەوزە .. دەرهێنانی : زیلان جەمال .. لەگەل نمەی باران و سەرمای زستاندا لەکەشێکی دڵگەرمی و بینەران و لەچەند ساتێکی ئارام و دڵنشیندا بەئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرچاوی شارە ئازیزەکەی (وەلی و شەم) نمایشەکە ئەنجامدراو ، بینەران ، دەنگی هەناسە سارەکانی خانمانی بەشمەینەتی نیشتیمان هەناوی دەسمێن و هاواری نالەی شکانی شوشەی جەستەی ئازیزان هەناسە سواری دەکردن و قریشکەی ناڕەزایەتی لەهەمبەر ستەمی دڵڕەشە ئالا ڕەشەکان رایدەچڵەکاندن ، لەنێو ئەم پانتایی نمایشەدا کڕی و بێدەنگی ئامادەبووان نیشانەی ڕەزامەندی و خۆشحاڵیان بوو بۆ بینینی ئەم نمایشە مۆنۆدرامایە ، دواجار بەرهەمە نمایشییەکە بووە جێگەی ڕێزی ئامادەبووان. نمایشی شانۆیی (فرمێسکەکانی زوڵەیخا)بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی سلێمانی و تیپی شانۆی کوردستانە ،جێی ئاماژەیە ئەم نمایشە لە هۆڵی ڕۆشنبیری سەید سادق لەگەڕەکی شیخان بوو.

داهێنانێکی پاناسۆنیک بۆ کارکردن لەئۆفیسە قەرەباڵغەکاندا



نوسینگەی Future Life Factoryی سەر بەکۆمپانیای پاناسۆنیکی ژاپۆنی داهێنانێکی دەگمەنی ئاشکراکرد کەهاوکاری ئەو کەسانە دەکات کەلەنوسینگە گەورەکاندا کاردەکەن تا ڕزگاریان بێت لەدەنگە دەنگ و تەرکیز بکەنە سەر کارەکانیان. شایەنی باسە داهێنانە نوێیەکە بریتییە لەتەوقێک کەبەکارهێنەرەکە دەیکاتە سەری و سەماعەی گەورەی پێویە کە دەنگی دەرەوە دەبڕێت.جێی ئاماژە پێدانە ئەم تەوقە دەکرێ بەکۆمپیوتەر یان مۆبایلەوە ببەستێتەوە لەڕێی بلوتوسەوە، بەو جۆرە کۆنترۆڵی ئاستی دەنگ بکەیت و بڕاردەی دەنگی دەرەکی هەڵبژێریت یان موزیک دابگیرسێنیت. ئەم داهێنانە نرخەکەی تەنیا ٢٦٠ دۆلارە و باشترینە بۆ کارکردن لەنێو ئۆفیسە قەرەباڵغەکاندا.

واتس ئاپ گرفتی لەگەڵ ئایفۆن بۆ دروست دەبێت



نوێترین کۆپی ئەپلێکەیشنی واتس ئاپ بەم دواییانە دابەزێنرا بۆ بەکارهێنەرانی مۆبایلە کۆنەکانی ئایفۆن بەڵام چیتر ناتوانن ئەم تایبەتمەندییانە وەربگرن ئەگەر سستمی کارکردنیان لەخوار iOS 8 هوە بێت. بەپێی ئەم گۆرانکارییەش بەکارهێنەرانی ئایفۆن ٤ و کۆنترۆ ناتوانن چیتر دابەزێننەوە و ئەپدەیتی بکەن. هاوکات واتس ئاپ دو تایبەتمەندیی نوێ ئاشکرا دەکات بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی باتریەکە لەئامێرەکانی و کۆنترۆڵی ئاستی ڕووناکی لەکاتی بەکارهێنانی شەوانەدا. شایەنی باسە ئەمەش وادەکات وزەیەکی کەمتر سەرف بکات و ئەو ڕووناکییە شینە کەم بکاتەوە کەدەرکەوتووە مرۆڤ تووشی گرفتی کەم خەوی دەکات و کاریگەری هەیە لەسەر سەعاتی بایۆلۆژی مرۆڤ.

ماتۆڕی بێ شۆفێر پەیدابوو

کۆمپانیای BMW بەرهەمهێنانی ماتۆرێکی نوێی ئاشکراکرد کەدەتوانێ خۆی هاوسەنگی بپارێزێت بەبێ ئەوەی پێویست بەشۆفێر بێت. براندی Motorradی سەر بە BMW پرۆژەیەکی دوو ساڵەی پەرەپێداوە کەبەم تەکنیکە سودی لێ دەبینرێت بۆ باشترکردنی سەلامەتی ماتۆڕەکان. کۆمپانیا ئەڵمانییەکە بەهیوایە لەپەرەپێدانی جۆرە تەکنیکێک بتوانێ ئاراستەی شۆفێر و سەرنشینان بکات و ئاگاداری بکاتەوە لەکاتی بوونی هەر مەترسییەکدا، یان دۆخەکە رزگاربکات لەکاتی شکستێنانی ئاگادارکردنەوەکەدا.

